# یەکەمەکان
# لە ژیاننامەی پێغەمبەر
محمد صلی الله علیه وسلم
# و
# هاوەڵە بەڕێزەکان

مەلا مسلم مەلا صالح فریزی

هەولێر - کوردستان
چاپی یەکەم
١٤٤٣ک - ٢٠٢١ز - ٢٧٢١ک

# یەكەمەكان
# لەژیاننامەی پێغەمبەر( d ) و
# هاوەڵە بەڕێزەكان

مەلا مسلم مەلا صالح فریزی
پێش نوێژو وتارخوێنی
( مزگەوتی مەلاصالح ) لە كەسنەزان
frezemoslem@yahoo.com

هەولێر- كوردستان		چاپی یەكەم		١٤٣٣ھ – ٢٠١٢م- ٢٧١١ك

# لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی تەنفیزی
# یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
# زنجیرە ( ١٤ )

پڕ بەدڵ سوپاسی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەکەم کە ئەرکی چاپ کردنی ئەم نامیلکەیان خستە ئەستۆی خۆیان، خوا پاداشتی خێریان بداتەوەو سەرکەوتوویان بکات لەکارەکانیان..

مەلا مسلم مەلا صالح فریزی

ناو: یەکەمەکان لە ژیاننامەی پێغەمبەر( d ) و هاوەڵە بەڕێزەکان
نووسینی: مەلا مسلم مەلا صالح فریزی
پێداچوونەوەی: د.غریب عزیز
دیزاین و بەرگ: کۆمپیوتەری دەریا
هەڵەچنی: فیصل نورالدین
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپ: چاپی یەکەم
چاپخانە: چاپخانەی ماردین- هەولێر
* لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٢٤٣٨ ) ساڵی ( ٢٠١١ ) پێدراوە

# پێشەکی ئامادەکار

ألحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على رحمة المهداة رحمة للعالمين سيدنا وحبيبنا وشفيعنا محمد وعلى آله وأصحابه الطيبين الطاهرين ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين وبعد:

سوپاسو ستایش بۆ خوای بە بەزەییو تاكو تەنیا وە سەلاتو سەلام لەسەر خۆشەویستمان تاجی سەرمان محمد المصطفى (صلى الله عليه وسلم) وەلەسەر ئەهلو بەیتو هاوەلانو شوێنكەوتوانی تا رۆژی دووایی.. لەپاشان:

بە پشتیوانی خوای گەورە دەمەوێ ئەم كتێبە بخەمە بەردەستی خوێنەری خۆشەویست كە چەمكێ زانیاری بەسوودە لە كارە یەكەمو سەرەتاییەكان وە لەهەر باسێك (گەر پێویستی كردبێتن) كورتە باسەكم هێناوەتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر بەباسەكە ئاشنابێتو تێ ی بگاتو لێ ی حالی بێت..

هەڵبەتە ئەگەر حەقی خۆیمان بە باسەكان نەدابێت (وەكو پێویست) ئەوا (لەسەرەتادا) داوای لێ خۆشبوون لە خوای گەورە دەكەین (لە پاشان) داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەرێز..

وە لەبەر ئەوەش كە گەڕان بەدوای درێژەی بابەتەكە ئاسان بێت بۆ خوێنەری خۆشەویست.. هەربۆیە تەنها یەك سەرچاوەمان هەڵبژاردووە كە هەرچی لەم پەڕاوانەی بەردەستانتا هێناومەتەوە ئەوە كورتكراوەو هەڵێنجراوی كتابی: (ألنبي والخلفاء الراشدون) كە پێك هاتووە لە (١٢) دوانزە بەرگو دانەرەكەشی بەرێز: (أ.محمد رضا)یە...

هەڵبەتە ئەم كورتكراوەم پێ پێویست بوو كە (لوببی) ناوەرۆكی مەوزوعەكان هەڵبژێرمو باسی بكەم.. وە بۆ ئەوەی خوێنەر بە كەمترین كات زۆرترین سوود

وەدەست بێنێت لەبەر ئەوەی کاتی زۆر لە خوێنەر نەگرم (بێگومان گرنگترین سەرمایەی مرۆڤ کاتە) دەربارەی کات گوتراوە: (کات وەك شمشێرە گەر تۆ نەیبڕیت ئەوا ئەو ئەتەبڕێ..)!

هیوادارم خوای گەورە وەك تێشووەك بۆ دوواڕۆژ لێمی قەبوڵ کاتو، هەروەها خوێنەری بەڕێزیش پێی سوودمەندبن، هەروەها ببێتە پاشینەیەکی خێر بۆ باوکی خۆشەویستم مەرحوم (م. مەلا صالح فریزی) کە ژیانی لەخزمەت عیلمو مزگەوتو موسڵمانان بەڕێ کرد، خوای گەورە لە ئێمەو بابو دایکی منو ئێوەو سەرجەم موسڵمانان خۆشبێت لەو ڕۆژەی کە حیساب دێتەگۆڕێ.

**وآخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين.**

والسلام عليكم ورحمة الله

**مەلا مسلم مەلا صالح فریزی**
**پێش نوێژو وتارخوێنی**
**مزگەوتی م. مەلا صالح لە کەسنەزان**
frezemoslem@yahoo.com

## ( ١ ) حضرموت

ئەم شوێنە یەکێکە لە پێنج شوێنەکانی یەمەن کە ئەوانی تر بریتینە لە: (شحر– مهرة– عمان– نجران)، هۆی ناولێنانی پیاوێکە بەناوی: (حضرموت ی کوڕی قحطان) کە یەکەمجار لەوێ جێنشین بوو کە ناوی ڕاستەقینەی (عامر) بوو، دەگوترێ: ئەگەر ئەم پیاوە بەشداری لەهەر شەڕێك بکردبایە کوشتاری لەناو زۆر دەبوو! هەربۆیەشە ناویان لێنا: (حضرموت)، هەروەها دەڵێن: گۆڕی (هود) پێغەمبەریش (علیەالسلام) لەم شوێنەیە.

●●●●●●●

## ( ٢ ) مضر

یەکەکە لە ئەولادی إسماعیلو لەباپیرانی پێغەمبەر( d ) لەگەڵ ئەوەی کە شێوەی روخسارو کرداری جوان بووە.. لەهەمان کاتیشدا ژیرو حەکیمیش بووە، بۆ یەکەمجار ئەو حەددێکی بۆ هەبوونی وشتر دانا لەبەر لەوەڕ، وە دەڵێن: دەنگو سەدای زۆر خۆش بووە.

●●●●●●●

## ( ٣ ) فهر

بۆ یەکەمجار کەناوی (قوڕەیش) بووە هەر بۆیە (قورشی) لەویەوە هاتینە خوارەوە، کەواتە ئەوەی لەسەروی ئەوەوەیە پێی ناگوترێ (قوڕەشی) بەڵکو پێی دەڵێن: (کنانی)، دەڵێن: (فهر) زۆر سەخی تەبیعات بووەو کەسێك هەژاربا یارمەتی دەدا.

●●●●●●●

# ( ٤ ) كلاب

ناوی راستەقینەی خۆی (حكیم) یان (عروە) بووە.. وەلەبەر ئەوەی زۆر ڕاوی بە سەگ دەكرد بۆیە ئەم نازناوەی لێنراوە، دەگوترێ: كە ئەو بۆ یەكەمجار ناوی مانگەكانی عەرەبی ناوزەد كردووە.

●●●●●●●

# ( ٥ ) قصي

كە ئەویش یەكێكە لە باپیرانی پێغەمبەر( d ) لەساڵی (٤٠٠)م لەدایك بووە.. ناوی ڕاستەقینەی (زەید)ە.. وە پێشی دەگوترێ (مجمع) هەر بەهۆی ئەمەوە هۆزە عەرەبیە قوڕەیشیەكان یەكیان گرتەوە، یەكەمجار (قصی) بوو كە ئاگری (موزدەلیفە)ی كردەوە، وەهەروەها یەكەم كەس بووە كە بینای (كەعبەی) نۆژەن كردۆتەوە لە قوڕەیشیان لەدوای پێغەمبەر إبراهیم علیەالسلام، لەپاشان پەردەی بەیتیۆ ئاودانو نان دانی حاجیانو بیر هەڵكەندنو خانوی تایبەت بۆ كۆبونەوەو پرسو ڕاو مارەبڕینو بڕیاردان لەسەر جەنگو.. هەركارێكی تر ئەوا بەوی سپێردرابوو.. ماڵی ئەو هەموو كێشەیەكی لێ چارەسەر دەكرا، كاتێكیش كەوا مردنی گەیشتێ بەخۆشەویسترینو نزیكترین كەسەكانی خۆی گوت (كە كوڕەكانی بوون): ئارەق نەخۆنەوە..

دیارە باش لە زیانەكانی ئارەق گەیشتبوو هەربۆیە ئاگاداری خۆشەویسترین كەسەكانی كردەوە كە خۆیان لێ دووربگرن!

لەساڵی (٤٨٠)م كۆچی دوایی كرد، كەواتە (٨٠) ساڵ ژیاوە.

●●●●●●●

## ( ٦ ) هاشم

لەبەر نان بدەییو سەخی تەبێعاتی ئەم ناوەی لێنراوە.. دەنا ناوی راستەقینەی خۆی: (عەمرو كوڕی عبد مناف)ە، ئەو بۆ یەكەمجار كاروانی بازرگانی وەرزی زستانەو هاوینەی بۆ قورەیش دامەزراند.

●●●●●●●

## ( ٧ ) عبدالمطلب

ناوی خۆی (شیبة الحمد)ە بۆ یەكەمجار ئەو خواردەمەنی بۆ سەرچیا دەبرد تاوەكو باڵندە لێی بخۆن.. هەربۆیە نازناوی (مطعم الطیر)ی پێ بەخشرا، وە پێشی دەگوترێ (ألفیاض)، وە بۆ یەكەمجار ئەو تەنیا دەچووە ئەشكەوتی (حراء) بۆ عیبادەت، كە پێشی بمرێ (خوا)ی گەورەی پەرستو وازی لە بتو (صنم)ەكان هێنا، وەهەر ئەمیش بوو بیری بۆ ئاوی (زەم زەم) لێ داو ئاوی دا بەحاجیان، وە بۆ یەكەمجار ئەو ریشی خۆی رەش كردەوە چونكە داوی ریشی هەرزوو سپی بوون.

●●●●●●●

## ( ٨ ) ألنسيء

واتە جێ گۆڕكێ بە مانگەكانی عەرەبی كە لە سورەتی (التوبة) ئایەتی (٣٧) حەرام كرا.. یەكەمجار (ألقلمس) كە (حذیفةی كوڕی عبدالله ی كوڕی فقیم) ئەو دەستكاریانەی كرد، كە هەر ئەویش بوو ئەو كەسەی كە پیسایی لەناو كەنیسەكەی ئەبرەهەی كرد لە (صنعاء).

●●●●●●●

## ( ٩ ) یەکەم محمد

ئەوە پێغەمبەرمانە( d ) کە باپیری ناوی لێ نا.. کاتێکیش کە پێیان گوت: بۆچی ئەو ناوەت لێ نا کە لەپێشدا لەناو باب‌و باپیرانت نەبووە؟ لەوەلأمیاندا (عبدالمطلب) گوتی: لەبەر ئەوە دەمەوێ سوپاس کراوبێ لە زەوی‌و لە ئاسمان.. ئومێدم وایە..، ئامینە خاتونی دایکی پێغەمبەر( d ) دەڵێ: بۆ یەکەمجار کە لەدایك بوو کەوتە سەر زەوی لەسەر هەیئەتی سوجدە بوو.. (ألله أكبر).

●●●●●●●

## ( ١٠ ) مەولودی پێغەمبەر( d )

بۆ یەکەمجار لە قرنی سێیەمی کۆچی ئەنجامدرا.. وە ئەوەی یەکەمجار مەولودی خوێندەوەو خەڵکی خڕکردەوەو بانگی زانایانی کردو خۆشی لەدایك بوونی حەزرەت (درودی خوای لەسەر بێ) کردەوە.. ئەوە: سوڵتان (مظفرالدین) بوو..

وە یەکەم کەسیش کە کتابی لەسەر مەولود دانابی ئەوە:

(الحافظ ی کوڕی دحیة) بوو کە ڕێکی خست‌و ناویشی لە کتابەکەی نا: (ألتنوير في مولد البشير النذير)..

سوڵتان (مظفرالدین) پاداشتی ئەم دانەرەی دایەوە بە (١٠٠٠) هەزار دینارو، سالأنە لەم بۆ نەیەدا نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار دیناری خەرج دەکرد بە خواردن‌و شیرناتی بەخشین بەسەر فەقیرو هەژارو نەدارانـدا.. وە خۆشی خۆی بەیادی لە داییك بوونی خۆشەویست( d ) دەردەبڕی.

●●●●●●●

## ( ١١ ) شەق كردنی سینگی شەریفی پێغەمبەر( d )

یەكەم شەق كردنی سینگی خۆشەویست لەتەمەنی (٣) یان (٤) ساڵی دابووە.. ئەمەش بۆ ئەوەی پاكی بكەنەوە لە بەشی شەیتان..

هەروەها شەق كردنی سینگی خۆشەویست (سەلامی خوای لەسەربێ) بۆ جاری دووەم لەسەفەری پیرۆزی موعجیزەی (الإسراء والمعراج) رویدا كە ساڵێك پێش هیجرەتی بوو بۆ مەدینەی منەوەرە..

(خوای گەورە زیارەتی مەكەو مەدینە بكات بەقسمەتی هەموولا).

●●●●●●●

## ( ١٢ ) حلف الفضول

ئەو ناكۆكیەی كە لە (حرب الفجار) هەبوو لەناو قورەیشیان.. یەكەمین كەس كە بانگ هێشتەی پێكهاتنی بەناوی (حلف الفضول) كرد ئەوە (زوبەیری كوڕی عبدالمطلب) بوو كە دەكاتە مامی پێغەمبەرمان( d )..

ئەوەبوو كە هەر (٣)سێ قەبیلەی دوشمنداری كۆكردنەوە بۆ پێكهاتنو ئاشتەوایی لە ماڵی (عبدالله ی كوڕی جەدەعان).. كە ئەو قەبیلانەش بریتی بوون لە: (بەنو هاشم– زوهرة– تیم)، زوبەیری كوڕی عبدالمطلب دەعوەتەكی بۆ سازكردنو لەسەر یەك خوان كۆی كردنەوەو سوڵحی لەنێوانیان ئەنجامدا.

●●●●●●●

## ( ١٣ ) یەكەمین دەعوەت

یەكەمین (وەلیمە) دەعوەت لەكاتی ژن گواستنەوە ئەوەبوو كە پێغەمبەرمان( d ) ئەنجامیدا لەكاتی گواستنەوەی یەكەمین خێزانی (خدیجة)ی دایكی بڕواداران (رەزای

خوای گەورەی لیٚ بیٚت) ئەویش کە بریتـی بـوون لەسـەربڕینی دوو وشـترو خـەڵکی بـانگ هیٚشتی سەر زیافەتەکە کردو شادی خۆیان بەدەرخست.

●●●●●●●

## ( ١٤ ) پەردەپۆشی کەعبە بەحەریر

لە پەرتوکی (تهذيب الأسماء)دا هاتووە کە یەکەمین کەس قوماشـی حـەریری بەسـەر بەیتیٚ داهیٚنابیٚو بۆی دروست کردبیٚ ئافرەتێـك بـووە، ئـەم ئافرەتـەش نـاوی: (نەتیلـە) داکـی ئیمـامی (عبـاس) مـامی پێغەمبـەر( d ) بـووە، هۆیەکەشـی ئـەوەبوو کـە نەتیلـە عباسی کـوڕی بزرکـرد کاتێـك کـە گـچکە بـوو.. ئـەویش لەسـەرخۆی نـەزری کـرد ئەگـەر بیبینێتەوە ئەوە (بەیت) حەریر پۆش بکات؟ دیتیەوە نەزرەکەی خۆی جێبەجیٚ کرد.

●●●●●●●

## ( ١٥ ) یەکەمین شێوازی بت پەرستی

کاتێك کە نەوەی پێغەمبەر ئیسماعیل (عليه‌السلام) لـە مەککـە زۆربـوون وە جێگـای هەموویان نەبۆوە هەر بۆیە بۆ مەعیشەتو گوزەرانی ژیـان پـەرت بـوون لـەخاکی (خـوا) بـەڵام هەریەکـەیان بـەر لەڕۆیـشتن بـەردێکی لـە حـەڕەمی بـەیتیٚ بـرد لەگـەڵ خۆیـدا بـۆ تەبەڕوك هەر بۆیە لەهەر شوێنێك بەردەکـەیان پـیٚ بایـەو دایـان دەنـاو بەچـواردەوری دا دەسوڕانەوە (وەك هاوشێوەی تەوافی بەیتیٚ)! تاوایان لیٚ هات عیبادەتیـان کـردنو داواو قوربانیـان بـۆ دەکـردنو.. لـەبیریان چـۆوە کـە حـەزرەتی إبـراهیم (عليه‌السلام) چـی دەکـردو.. دینەکـەیان گـۆڕیو بتیـان پەرسـتو تەقلیـدی قـەومی پێغەمبـەر (نـوح)یـان کردەوەو سەرلێشێواوو گومڕا بوون.

●●●●●●●

# ( ١٦ ) یەکەمین کەس کە دینی پێغەمبەر إبراهیم ( علیەالسلام )ی گۆڕی

عەمڕی کوڕی لوحەیی بوو کە بانگهێشتەی عـەرەب زمانـانی کـرد بـۆ بـت پـەرسـتی، هەربۆیـە (إبـن هـشام) دەگێڕتـەوە لـە (ألکلـبی) ئـەویش لـە (أبـی صـالح) لەویـشەوە لـە (عبدالله ی کوڕی عباس) دەگێڕتەوە کە پێغەمبەر( d ) فەرموویـەتی: ((رفعـت لـي النـار فرأيت عمرا رجلا قصيرا أحمر أزرق يجر قصبه في النار، قلت: مـن هـذا؟ قيـل: هـذا عمـرو بن لحي)) واتە: دۆزەخم پیّ نیشاندرا عەمرم بینی پیاوێکی کـورتی سـوری زەردی لـووت درێـژ لـەناو ئـاگر، منـیش پرسـیارم کـرد: ئـەوە کێیـە؟ گوتیـان: ئـەوە (عـەمری کـوڕی لوحەی)یە.

ئەم عەمرە ستەمی لە نەوەی پێغەمبەر إسماعیل (علیەالسلام)ی کرد خـۆی فـەرزکرد بەسـەر خـەڵکی مەککـە کلیلـی بـەیتێی کەوتـە دەسـت.. تووشـی نەخۆشـیەك بـوو زۆر لەسەری توند بوو، پێیان گوت: لە (بەلقاء) کـە شـوێنێکە لـە (شـام) کانیاوێك هەیـە کـە ئاوەکەی گەرمەو شیفایە بۆ هـەموو نەخۆشـیەکان.. ئەگـەر بێـتو تـۆ بـچیو خـۆتی لـیّ بشۆی ئەوا بە دڵنیاییەوە چاك دەبی، چوو خۆی بەئاوەکە شۆرد چاك بوویەوە..

# یەکەم بت بۆ مەککە

دەڵێن کاتی کە عەمری کوڕی لوحەیی خۆی بـە ئاوەکـە شـۆرد لـە (بـەلقاء) لـە شـام چاك بۆوە پاشان دیتی خـەڵکی ئـەویّ بـت دەپەرسـتن..! ئـەویش گـوتی: ئـەوە چییـە؟ ئەوانیش گوتیان: ئێمـە بـەهۆی ئەمانـەوە داوای بـاران دەکـەینو هـەر بـەهۆی ئەمانـەوە بەسەر دوژمنان دازاڵ دەبین..، کوڕی لوحەیی داوای لیّ کردن کە دانەیـەکی پـیّ بـدەن؟ ئەوانیش وایان کردو دانەیەکیان پیّ داو ئەویش لەگەڵ خۆیدا هێنای بۆ مەککە..

ئینجا دەڵێن: ئەوەی وێیان دا (بتەکە) ناوی (هوبەل) بوو، کە ئەمە یەکەمین بت بوو لە مەککە ئینجا پاشان ۳٥۹ دانەی تر زیادی کردو هەر لە بەیت لە ناوەوەو دەرەوەی بوو بە ۳٦۰ بت کە لەکاتی فەتحی مەککە خۆشەویست( d ) فەرمانی بە شکاندنیانی کرد..، جا ئەو هوبەلە بەگەورەی هەموو بتەکانی تریان دادەنا وەکاتێك کە هێنای بۆ مەککە دەستێکی نەبوو عەرەب لە زێڕ بۆیان دروستکرد، کە بەخۆشی بەردەکە رەنگی سوور بو لەسەر شێوازی مرۆڤێك دروستکرابوو، خۆشەویست( d ) لەکاتی فتحی مەککە ئەویشی تێك شکاند.

●●●●●●●

## ( ۱۷ ) یەکەمین دەست پێشخەری وەحی بۆ سەر پێغەمبەر( d )

سەرەتا خەونی راست بوو.. هەر خەونێکی بدیبا وەکو بەرەبەیان راستو دروست دەهاتە جێ، لەپاشان تەنیایی پێ خۆشبوو هەربۆیە دەچووە ئەشکەوتی (حِراء)و چەند شەوێك لەسەر یەکتری ئەلەوێ دەمایەوەو پاشان دەگەڕایەوە بۆ ماڵو ئا بەم شێوە تاوەحی بۆ هاتو لەتەمەنی (٤۰)ساڵ دا بوو بە پێغەمبەری کۆتا زەمان (علیە أفضل الصلاة والتسلیم).

●●●●●●●

## ( ۱۸ ) یەکەم دابەزینی قورئان

یەکەم دابەزینی قورئان بەسەر خۆشەویستماندا لە ۱۷/ی رەمەزانی ساڵی (٤۰)ی تەمەنیو لە ئەشکەوتی (حراء)و ئایەتەکانیش بریتی بوون لە ئایەتەکانی پێشەکی

سوڕەتی (العلق).. کە ئەمینی وەحی (جبریل) علیەالسلام پێی فەرموو: (إقرأ).. تاوەکو بۆ جاری سێیەم فەرمووی: ((اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ - خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ - اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ - الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ - عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ)) العلق: ١-٥.

●●●●●●●

# ( ١٩ ) یەکەم مرۆڤ کە باوەڕی پێی هێنا

لە پیاوان پێشەوا ئەبوبەکر بوو، لە مندالأنیش پێشەوا عەلی‌و لە ئافرەتانیش دایکمان (خدیجة)ی دایکی بڕواداران بوو، لە بەخشراوانیش: (زەیدی کوڕی حاریثة) بوو، لە کۆیلانیش (بیلالی کوڕی ڕەباحی حەبەشی) بوو

بەڵام زانایانی سیرە بەبێ دوودڵی‌و گومان هەموویان لەسەر ئەمە کۆکن کە یەکەم مرۆڤێك باوەڕی هێنابێ ئەوە (حەزرەتی خدیجة) بووە ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەربێت.

●●●●●●●

# ( ٢٠ ) یەکەم ئافرەت لەدوای خاتوو خدیجة کە باوەڕی هێنابێت

ئەوە (ئوم ئەیمەن) بوو لەپاشان (ئوم فەضل) خێزانی ئیمامی عەبباس، پاشان (أسماءی کچی پێشەوا ئەبوکر)ی لەپاشان (ئوم جەمیل فاطمةی کچی خەتتابی خوشکی پێشەوا عومەر) ڕەزای خوایان لێبێت.

●●●●●●●

# ( ٢١ ) یەکەمین منداڵێك لە هاشمیان

ئەوە پێشەوا (عەلی کوڕی ئەبو طالب)ی ئامۆزای پێغەمبەرمان( d ) بوو.

●●●●●●●

# ( ٢٢ ) یەکەمین خەلیفە لە هاشمیان

پێشەوا (عەلی) بوو کە خەلیفەی چوارەم بوو.

●●●●●●●

# ( ٢٣ ) یەکەم شمشێر هەڵکێشان لە پێناو خوا

یەکەمین کەس کە شمشێری هەڵکێشا رووبەڕووی کافر لەپێناو خوادا ئەوە (زوبەیری کوڕی عەوام) بوو کە دایکی (صفیەی کچی عبدالمطلب) بوو کە دەکاتە پورزای خۆشەویستمان( d )و هەروەها برازای خاتوو خدیجەی دایکی بڕوادارن.

●●●●●●●

# ( ٢٤ ) یەکەم کەس کە تیری گرتە دوژمن لە پێناو خوادا

ئەوە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص بووە هەروەها یەکەم کەس بوو کە خوێنی رشت لەپێناوی خوادا.. هەر بۆیە پێی دەگوترێ: (فارس الإسلام) بەتایبەت لە غەزای (ئوحود) شەڕێکی زۆر باشی کرد، کە بەتەنیا لەو غەزایە نزیکەی (١٠٠٠) هەزار تیری هاویشتیە..

وە دوعای قەبوڵ بوو.

●●●●●●●

# ( ٢٥ ) یەکەمین خطیب

ئەوکاتەی کە پێغەمبەر( d ) چووە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەم هەر لە مەککە بۆ ئەوەی لەوێ عیبادەتی خوا بکە لەگەڵ ئەو ژمارە کەمەی لە موسڵمانان کە لەگەڵی دابوون بە نهێنی، پێشەوا ئەبوبەکر زۆر ئیلحاحی کرد لەگەڵ خۆشەویست کە دینەکە ئاشکرا بکەن.. بەلاَم خۆشەویست دەیفەرموو: (یا أبابکر إنا قلیل) ئەی ئەبابەکر ئێمە ژمارەمان کەمە، واتە: هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە، بەلاَم پێشەوا ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێ وازی نەهێنا تاوەکو چوونە دەرەوە، پێشەوا ئەبوبەکر هەستاوە لەناو خەڵکی وتاری داو پێغەمبەریش( d ) دانیشتبوو، پێشەوا ئەبوبەکر بانگهێشتەی خەڵکی کرد بۆ باوەڕهێنان بە پێغەمبەری خوا جا ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەربێ ئەو یەکەمین خطیب بوو..

بەلاَم بەڕاستی پێغەمبەرو یارانی (بە پێشەوا ئەبوبەکریشەوە) ئەمجارە زۆر ئەزیەتو ئازاردران! گیانم بەفیدای پێغەمبەرو یارانی بێ.

●●●●●●●

# ( ٢٦ ) یەکەمین کەس
# کە فەرموودەی تەدوین کرد بێتو رێکی خستبێ

ئەوە (زوهری.. إبن شهاب محمد) کە لەساڵی (١٢٤)ی کۆچی وەفاتی کردووە، خۆی تابعین بوو لەخەڵکی مەدینەی منەووەرەیە، بەلاَم چووە شامو هەر لەوێ مایەوە تاوەکو وەفاتی کرد.

●●●●●●●

## ( ٢٧ ) یەکەم ئایەت بۆ بانگەوازی بە ئاشکرا

لەدوای ئەوە پێغەمبەر( d ) نزیکەی (٣) سێ ساڵان بانگەوازی بە نهێنی کرد پاشان خوای گەورە فەرمانی پێ کرد کە بانگەوازەکە ئاشکرا بکات ئەویش بە ئایەتی: (فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ) الحجر: ٩٤، ئەمە یەکەمین ئایەتە لە قورئانی پیرۆز بۆ ئەوەی دینەکە ئاشکرا بکات..

کاتی کە خوای گەورە فەرمانی بەخۆشەویست کرد کە ئەوەی فەرمانت پێ دەکرێ لەلایەن خواتەوە ئاشکرای بکەو گوێ بەبێ باوەڕان مەدەو لۆمەو لۆمەکاریەکانیان پشتگوێ بخەو ئادەی دینەکە نەشاریتەوەو رای بگەیەنە..

پاشان یەکەم ئایەت کە جێبەجێی کرد لەم قۆناغە ناسکەدا (قۆناغی ئاشکراکردنی بانگەوازی) بۆ یەکەمجار ئەویش ئایەتی پیرۆزی: (وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ – وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ) الشعراء: ٢١٤–٢١٥.

خۆشەویست فەرمانی خوای گەورەی بەجێگەیاندو چووەسەر (صەفا)و یەکە بەیەکە بانگهێشتی کردن بۆ لای (خوا)و وازهێنان لە بتو صەنەم کە بەدەستی خۆیان دروستی دەکەنو پاشان ناوێکیان بەدووا دەهێخست.. هەروەك ئاگاداری سزای دووارۆژی کردنەوە.

●●●●●●●

## ( ٢٨ ) یەکەم کەس کە بە ئاشکرا لەدوای پێغەمبەر( d ) قورئانی بەدەنگی بەرزو بە ئاشکرا لەناو بێ باوەڕەکاندا خوێندیەوە

ئەوە (عبداللە ی کوڕی مەسعود) بوو کاتێ لە مەککەو لەلای (بەیت)ی پیرۆز سوڕەتی (الرحمن)ی خوێندەوە.. کاتێك کە زانیان ئەوە قورئانە زۆریان لێ داو ئەزیەتو ئازاری

زۆریان دا.. ئەبوجەهل (كە فیرعەونی ئەم ئوممەتەیە) هەندێكی لە گوێی بڕی! كاتی كە ئــەوها بــەم شــێوەیە گەڕایــەوە لای پێغەمبــەر( d ) بەچــاوی بەفرمێــسكو لاشــەیەكی تــۆزاوی‌و خوێنــاوی حــەزرەتی جبریـل علیـە الـسلام لەوكاتـە هاتـە لای پێغەمبـەر( d )و زەردەخەنەی دەهاتەوە.. خۆشەویست پێـی فـەرموو: (یـا جبریـل تـضحك وإبـن مـسعود یبكـي)؟ ئـەی جبریـل تـۆ پێدەكـەنی ئـەوە لەكاتێكیـشدا كـە كـوڕی مەسـعود دەگـری‌و غەمبارە..؟ بەڵام حەزرەتی جبریل علیەالسلام هۆكارەكەی پێ نەگوت لەم كاتـەداو پێـی فەرموو: (ستعلم) لەمەودوا هۆكارەكەی دەزانی ئەی خۆشەویستی خودا..

ئەوەبوو كاتێك كە موسڵمانان لەغەزای بـەدری گـەورە سـەركەوتن بەسـەر كافرەكـان لەوكاتەدا هاوەڵی بەڕێز عبداللّٰهی كوڕی مەسـعود دواكـەتبوو ئامـادەی غەزایەكـە نـەببوو، ئینجـا بـۆ ئــەوەی شــەڕەفی غەزایەكــەی لــەكیس نەچــێت بۆیــە بەفــەرمانێك لەلایــەن پێغەمبەری خواوە( d ) چووە ناو كوشتراوو برینـدارەكان‌و بینـی كـە ئەبوجـەهل هێـشتا هەر گیانی لەبەردامایە، هەڵسا رمێكـی لێـداو پاشـان گـوێی بڕیـەوەو سەریـشی لەلاشـەی جیـاكردەوەو هێنـای بـۆ لای پێغەمبـەر( d ).. دووبـارە حـەزرەتی جبریـل علیـە الـسلام هاتــەوە بـۆ لای خۆشەویـست( d )و زەردەخەنـەی دەهاتــەوەو بەپێغەمبـەری فـەرموو: ئەدی پێم نەگوتی لەمەودوا دەزانی ئێستا سەیری كوڕی مەسعود كە چۆن تۆڵـەی خـۆی كردەوە گوێ بەگوێ‌و سەرەكەشی زیادە.

●●●●●●●

## ( ٢٩ ) یەكەمین ئافرەت شەهید بوو لە ئیسلام

یەكەم شەهیدەی ئیسلام (سومەییە)ی خێزانی (یاسر)ی هەروەها دایكـی (عـەممار)ی خـوا لێیـان رازی بێـت، كـە بەدەسـتی ئەبوجـەهلی فیرعـەونی ئـەم ئوممەتـەی خـۆی‌و پیاوەكــەی شــەهیدكران‌و عــەمماری كوڕیــشیان ناچــاركرد كــە بەباشــە نــاوی بــت‌و

صـەنەمەکانی ئـەوان بـەریٚو بەشـێوەیەکی ناشـیرینیش قـسە بـە پێغەمبـەر( d ) بڵـێ.. هەربۆیە ئەم ئایەتە لەسەر عەممار دابەزی کـە دەفـەرموێ: (إِلاَّ مَـنْ أُكْـرِهَ وَقَلْبُـهُ مُطْمَـئِنٌّ بِالإِيمَانِ) النحل:١٠٦، پێغەمبەریش( d ) موژدەی بەهەشتی پێدانو فەرمووی: (صـبرا آل یاسر فإن موعدكم الجنة) ئارام بگرن بنەماڵەی یاسر لەبەر ئەوەی ژووانتان بەهەشـتە، وە بە عەمماری کوڕیشیانی فەرموو: (یا عمار فإن عادوا فعد) مـاتو بەخۆشـی خـۆی نەچـێتە نــاو کــوفرو بــە کــوفر رازی نــەبێ بــەڵام بەناچــاریو بــۆ خــۆ دەربــازکردن بێــت خۆشەویست( d ) فەرمووی: (ئەی عەممار ئەگـەر گەڕانـەوە سـەرت تـۆش هـەمان قـسە دووبارە بکەوە).

●●●●●●●

# ( ٣٠ ) هیجرەتو کۆچی یەکەمی موسڵمانان

بۆ حەبەشە بوو کە بە کۆچی یەکەمی حەبەشە ناودەبرێـت، لـەمانگی رەجـەب سـاڵی پێنجەمی پێغەمبەرایـەتی سـاڵی ٦١٥م، ئـەوەش لـەدوای ئـەوەی کـە خۆشەویـست( d ) هاوەڵانی بینی کە زۆر لەلایـەن بـێ بـاوەڕان ئـازارو ئەشـکەنجە دەدرانو، خۆشـی لەبـەر ئـەبوتاڵبی مـامی: کـافران نەیانـدەتوانی بـە دڵـی خۆیـان دەسـتدرێژی بکەنـە سـەرەوی هەربۆیە فەرمانی بە هاوەڵان دا کە کـۆچ بکـەن بـۆ حەبەشـە فـەرمووی: (لـو خـرجتم إلى أرض الحبشة فإن فيها ملكا لايظلم أحد عنده حتى يجعل الله لكم فرجا ومخرجا ممـا أنـتم فيه) واتە: ئەگەر هەندێکتان بڕۆن بۆ زەوی حەبەشە لـەوێ مـەلیکێك هەیـە کـەس لـەلای ئەو ستەمی لێ ناکرێت تا ئەوکاتەی کـە (خـوا) دەروی خۆشـیتان بـۆ دەکاتـەوە لـەوەی ئێستا ئێوە تیایدا ژیان دەگوزەرێنن، ئینجا خـۆی نـاوی نەجاشـی ئەوکاتـە لـە حەبەشـە (أصحمەی کوڕی أبجر) بوو (أصحمە)ش بەمانای (بەخشەر)ە لـەزمانی عـەرەبی، خۆشـی ناوی نەجاشـی بـەکار دەهـات بـۆ هـەموو مـەلیکێك لەحەبەشـە کـە ئـەوان لەسـەر ئـاینی

مەسیحی نەستۆری بوون، ئەوانەی کە چوون بۆ ئەم کۆچە ١٢ دوانزە پیاوو ٤ چوار ئافرەت بوون کە ژمارەی کۆچبەران لەم کۆچەدا کەم بوون، بەلاَم بۆ ئیسلامو کاریگەریو سەنگی لەنێو دڵی دوژمنان زۆر بوو، کە لەناویاندا پێشەوا عوسمانی کوڕی عەففانو روقەییەی خێزانی (کە دەکاتە کچی پێغەمبەرمان( d ))یشی تێدابوون، بەلاَم ئەم کۆچە زۆری نەخایاندو لەمانگی شەوالی هەمانساڵ گەڕانەوە بۆ مەککە لەبەر ئەوەی هەواڵی باشیان بەرگوێ کەوت، بەلاَم هیچی راست نەبوو هەربۆیە نەیانتوانی بێنەوە ناو مەککە تا لەپەنای (عثمانی کوڕی مظعون) هاتنەوە.

●●●●●●●

## ( ٣١ ) یەکەم نوێژکردن لەسەر شەهید

نوێژکردنی پێغەمبەر( d ) بوو لەسەر ئیمامی حەمزەی مامی کە لە غەزای ئوحود بەدەستی وەحشیو بە فەرمانی هیندی خێزانی ئەبو سوفیان شەهیدکرا، هیند بەڵێنی دابوو لەدوای شەهید کردنی کە جەرگی بخوات! بەلاَم نەیتوانی جەرگی ئیمامی حەمزە قوتدا تەنها ئەوە نەبێ کە زمانی پێدا هێنا.. پێغەمبەر( d ) دەربارەی ئەمە فەرمووی: (لو دخل بطنها لم تمسها النار) ئەگەر بهاتایەو جەرگەکەی چووبایە زگیەوە ئاگر بەری نەدەکەوت.. واتە: لەبەر بەرەکەتی پارچەیەك لەلاشەی ئیمامی حەمزە ئاگر نەیدەتوانی هیند بسوتێنێت، پاشان لە فەتحی مەککە تەوبەی کردو شایەتومانی هێناو پێغەمبەریش( d ) دوای موسڵمان بوونی ئازادی کرد.

●●●●●●●

## ( ٣٢ ) وتم بۆ یەکەمجار موسڵمان بوونی خۆم بە کێ بڵێم؟

ئەمەی سەرەوە وتەی پێشەوا عومەری کوڕی خەتتابە خوا لێی رازی بێ کە دەفەرموێ: ئەو شەوەی کە موسڵمانبوونم تازە بوو لەدڵی خۆمدا گوتم: کێ لە

هەمووكەس زیاتر ڕقـی لـە پێغەمبـەر( d ) دەبێتـەوە لەسـەرەتادا موسـڵمانبوونی خـۆم بەوی رادەگەیەنم.. هەربۆیە لە مەككە نەمزانی كەسێك هەبێت لـە ئەبوجـەهل زیـاتر رقـی لە پێغەمبەرو موسڵمانان بێ هەربۆیە بڕیارمدا كە بچم خەبەری موسڵمانبوونم بـەو بـدەم، بەیانی زوو چـووم بـۆ لایو لـەدەرگایماڵەوەیانمـدا.. ئەبوجـەهل هـاتو دەرگاكـەی لـێ كردمەوەو پێی گوتم: یاخوا بەخێربێی خـوارزا ئـەوە چۆنە بـەم بەیانییـە زووە هـاتی بـۆ لام؟

منیش پێم گوت: هاتوومە هەواڵی ئەوەت پێ بـدەم كـە مـن بـاوەڕم هێنـاوە بـەخوای تـاكو تـەنیاو هـەروەها بـە پێغەمبەرەكـەی (محمـد) ( d ) وە بەڕاسـتی دەزانم هەرچـی لـەلای خـواوە پێمـان راگەیـەنراوە.. ئەبوجـەهل بەتوڕەییەكـەوە دەرگاكـەی بەروومـدا داخستو پێی گوتم: خوا ناشیرنت بكات لەگەڵ ئەو هەواڵەی كە هێناویشتە..

خـۆی لەخۆیـدا موسـڵمان بـوونی پێـشەوا عومـەر زەبرێكـی كوشـندە بـوو لـە بـۆ ئەبوجەهلو بێ باوەڕانی مەككە، هەر لەدوای موسڵمان بوونی پێشەوا عومـەر بانگـەوازی ئیسلامەتی ئاشكرا كراو بەمە لەقـەبی (فـاروق)ی پـێ بەخـشرا، وەهـەر ئـەمیش بـوو بـۆ یەكەمجار كۆچی بۆ مەدینە بە ئاشكراو بێ باكانە كرد.

●●●●●●●

# ( ٣٣ ) تەڕاویحی شەوانی رەمەزان بەكۆمەڵ لە مزگەوت

بۆیەكەم جـار پێـشەوا عومـەر (خـوا لێـی رازی بـێ) لەسـەردەمی خەلافـەتی خۆیـدا خەڵكی لە مزگەوتی پێغەمبەر( d ) لەمەدینە كۆكردەوە بـۆ ئەنجامـدانی نوێـژی تـەڕاویح بەكۆمەڵ، هـەر بۆیـە پێـشەوا عـەلی كـاتێ لەشـەوێك لـەمانگی رەمـەزان لـە كوفـە بـەلای مزگەوتێك دا تێپەڕی بینی رووناك بوو جمەی دێ لە نوێژخوێنان لەئەنجامدانی سـوننەتی

تەڕاویح بەكۆمەڵ.. فەرمووی: (خوا گۆڕت ڕووناك بكا یا عومەر هەروەكو چۆن تۆ مزگەوتەكانی ئێمەت لەشەوانی ڕەمەزان ئاوەدانو ڕووناك كردەوە).

●●●●●●●

## ( ٣٤ ) یەكەم كەسی عەشیرەتی ( دەوس )ی كە موسڵمان بوو

ئەوە (طفیلی كوڕی عەمرو كوڕی طریفی كوڕی عاص)ی دەوسی بووە كە كەسێكی شاعیرو قسەزانی عەرەب بووە لەو سەردەمە، كاتی كە هاتە مەككە موشریكان لە مەككە ئەوەندە ترساندیانو ئاگاداریان كردەوە كە گوێ لە پێغەمبەر( d ) ڕانەگرێت.. تاوەكو دەڵێ: وام لێ هات كە حەزم بە گوێگرتن لە پێغەمبەر( d ) نەبوو.. بەڵام خوای گەورە ویستی لەسەر ئەوە بوو كە گوێم لێی بێ، ئەوبوو لەلای كەعبە نوێژی دەكردو قورئانی دەخوێندەوە لەگەڵ ئەوەی كە بۆ خۆم شاعیر بووم، بەڵام ئەمە لە شیعر نەدەچوو هەربۆیە زۆر سەرنجی ڕاكێشام كە بە ژیانم قسەی وام نەبیستووە.. لە پاشان بەدوایدا چوومەماڵیانو كە چووە ژوور منیش لەدەرگامداو دەرگای لێكردمەوەو پێشوازی لێكردمو هەواڵی ئەوەم پێ دا كە قەومەكەت هەر زوو منیان ئاگادار كردەوە كە گوێ لە قسەی تۆ ڕانەگرم.. بەڵام خوا ویستی لەسەر بوو كە گوێت لێ ڕابگرم.. پێغەمبەریش( d ) باسی ئیسلامەتی بۆ كردمو هەندێك لەئایەتەكانی (قورئان)ی پیرۆزی بەسەردا خوێندمەوەو بڕوام هێنا، كە چوومەوە ناو قەومەكەم تۆزێك ئەزیەتیان دام هەربۆیە بۆ جاری دووەم گەڕامەوە لای پێغەمبەر( d )و پێم گوت: كە قەومەكەی من بتێك دەپەرستن بەناوی (ذي الشری)و هەروەها زینا دەكەن هەر بۆیە داوات لێ دەكەم دوعایان لێ بكەی؟ بەڵام خۆشەویست( d ) دوعای لێ نەكردن بەڵكو دوعای بۆ كردنو فەرمووی: (اللهم اهدي دوسا الي، ارجع الى قومك فادعهم ورفق بهم) واتە: (خوایە هیدایەتی دەوسیان بدەو وە بێنە لای من.. ئەی تەفیل بڕۆوە ناو قەومەكەتو

بانگەوازیان بۆ بکەو لەگەڵیان نـەرم بـە...). جـا دەڵـێ گەڕامـەوە بانگـەوازم بـۆ کـردن‌و تاوەکو باوەڕیان هێناو کۆچیان کـرد بـۆ لای پێغەمبـەر( d ) لەمەدینـە، نزیکـەی حـەفتا یان هەشتا ماڵ لە دەوسیان هاتن بۆ مەدینەی پێغەمبـەری خـواو لـەوێ جێنـشین بـوون، ئەوکاتە غەزای بەدرو ئوحودو خەندەق کرابوو. بەڵام شـەڕەفی غـەزای خەیبـەرو فـەتحی مەککەو غەزایەکانی تریان بە قسمەت بوو.

●●●●●●●

# ( ٣٥ ) قەبرستانی بەقیع

یەکەم جەنازە کە قەبری بۆ هەڵکەندرا لـە گۆڕسـتانی بـەقیع لەمەدینـەو تیایـدا نێـژرا ئــەوە (أســعدی کــوڕی زرارە) بــوو، وەفــاتی کــرد لەکاتێکــدا کــە هێــشتا مزگــەوتی پێغەمبەر( d ) دروست دەکراو تەواو نەکرابوو.

●●●●●●●

# ( ٣٦ ) یەکەمین کەس نەفسی خۆی فرۆشتە پەروەردگاری

پێـشەوا عـەلی کـوڕی ئـەبوتاڵب بـوو خـوای لـێ ڕازی بـێ کاتێـك کـە لـە جێگاکـەی پێغەمبەر( d ) ڕاکشا بـۆ ئـەوەی پێغەمبـەر( d ) کـۆچ بکـات بـۆ مەدینـەو بـێ بـاوەڕان هەستی پێ نەکـەن بـەوەی کـە کـۆچـی کـردووە، وەهـەروەها بـۆ دانـەوەی ئەمانەتـەکان بەخاوەنەکانیان.

●●●●●●●

# ( ٣٧ ) یەکەم مزگەوت لە ئیسلام دا

کاتی کە پێغەمبەر( d ) کۆچی کرد بۆ مەدینەو لە دووشەممەیەك لە نێو مانگی ربیع الاول گەیشتە (قوباء)و لەماڵی (کلثومی کوڕی هەدم) میوان بوو، دووشەممەو سێشەممەو چوارشەممەو پێنجشەممە لەوێ مایەوەو هەر ئەلەوێ مزگەوتی (قوباء)ی دروست کرد، پێشەوا (علی)ش ئەلەوێ گەیشتەوە پێغەمبەر( d ) کە لەڕێگا قاچی هەمووی بریندارو خوێناوی ببوون.. پێغەمبەر( d ) دوعای لەسەر خوێندو تفی پێ داکرد چاك بۆوەو نەك هەر ئەوەندە تاوەکو پێشەوا عەلی لەژیاندا ما بۆ جارێکی تر قاچەکانی نەهێشایەوە. (أللهم صل على سيدنا محمد طب القلوب ودوائها، وعافية الأبدان وشفائها، ونوراً لأبصار وضيائها، وعلى آله وصحبه وسلم).

●●●●●●●

# ( ٣٨ ) یەکەم جومعە

لەپاشی ئەوەی خۆشەویست( d ) مزگەوتی (قوباء)ی دامەزراندو دروستی کرد ڕۆژی جومعە بەڕێ کەوت بۆ مەدینە بەڵام لەکاتی نیوەڕۆو کاتی خطبە گەیشتە ناو هۆزی (سالم ی کوڕی عەوف) نزیکەی (١٠٠) سەد کەس بوون ئە لەوێ نوێژو وتاری هەینی بۆ خوێندنەوە، ئینجا ئەم نوێژی هەینی یە یەکەم نوێژبوو کە پێغەمبەر( d ) لەمەدینە ئەنجامی دا، هەروەها ئەم (خطبە)یەش یەکەم وتاری هەینی بوو کە لە ئیسلامەتی ئەنجامدرا.

●●●●●●●

# ( ٣٩ ) ساڵی کۆچی

یەکەمین کەس کە ساڵی (هیجری) کۆچی دانا ئەوە پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب بوو خوا لێی ڕازی بێ ئەوەش لەسەردەمی خەلافەتی خۆی لەساڵی (١٧) حەڤدەی کۆچی..

هەرچەندە پێغەمبەر( d ) لەمانگی ربیع الاول کۆچی کرد بۆ مەدینەو دوو مانگ دوای (موحەڕەم)، بەڵام سەرەتای ساڵی کۆچی لە یەکی (موحەڕەم)ەوە دەست پێ دەکات.. ئەمەش لەبەر ئەوەی هەر لەمانگی موحەڕەم هاوەڵان بە فەرمانی پێغەمبەر ( d ) تاك تاكو كۆمەڵ كۆمەڵ كۆچیان كرد بۆ مەدینە، بەڵام خۆشەویست ( d ) چاوەڕێی فەرمانی خوای دەكرد بۆ كۆچو هەروەها قائیدو رابەرێكی خۆ نەویست هەموو خەڵكی لە مەترسی رزگار كردو فەرمانی كۆچی پێ دان كەس نەما لە مەككە تەنها خۆیو پێشەوا ئەبوبەكرو پێشەوا عەلی نەبێ.

●●●●●●●

# ( ٤٠ ) یەكەم پشتو هێزی پێغەمبەر( d )

وەكو مرۆڤایەتی هەردوو هۆزی (ئەوسو خەزرەج) بوون، كە یەكەم كەس بوون بەرگریان لە پێغەمبەرو دینەكەی كرد هەر بۆیە نازناوی (الانصار) واتە: (پشتیوانان)یان پێ بەخشراو سەربەرزی دونیاو دوارۆژ بوون بە یارمەتی دانو پشتیوانیان بۆ دینی ئیسلامو پێغەمبەرو هاوەڵانیو هەروەها جێكردنەوەیان لەسەر خاكی خۆیانو تێكۆشانو غەزا كردنیان شان بەشانی پێغەمبەر( d )و كۆچبەران.

●●●●●●●

# ( ٤١ ) یەكەم جار ئەوسو خەزرەجی چۆن جێنشین بوون لە مەدینە

لەدوای ئەوەی (مەزیقیاء) لە یەمەن چووە دەرێ كە ئەمەش لە پاش پەرتەوازەبوونی (سەبەئی)یەكان هاتە لای (مەلیك غەسسان)ی لەشام.. لەپاشان ئەو لە

ناوچوو کوڕەکەی بەناوی (ثعلبة) لە (عەنقاء) جێی گرتەوە کە ئەمیش لەناو چوو کوڕی برای جێی گرتەوە کە ناوی: (عەمرِی کوڕی جوفنە) بوو..

کوڕەکەی خۆشی کە ناوی (حاریثة) بوو لەبەر ئەمە توڕەبوو هەر بۆیە بڕیاری دا بچێتە (یثرب) لەپاشان (حاریثة) کە دوو کوڕی هەبوو ناویان (ئەوس‌و خەزرەج) بوو، ئەو دوو برایە لە (یثرب) نیشتەجێ بوون، ئینجا کاتی کە ئەولادو نەوەیان زۆر بوون‌و جولەکەش کەوتنە نێوانیان‌و ژەهری فەسادی‌و دوو بەرەکی‌و نیفاقیان لەنێوانیاندا ڕشت سەرەنجام پیلانە گڵاوو نەگریسەکەیان سەری گرت‌و ئەوانەیان تێك بەرداو تووشی یەکتر کوژیان کردن‌و دەستیان چووە خوێن‌و ماڵی یەکتری.. تاوەکو پێغەمبەر( d ) هات‌و یەکەم کاری برایەتی‌و پێك هێنانەوەی ئەمان بوو، کە لەپێشدا نزیکەی (١٠٠) سەد ساڵ دوژمنداری سەرسەختی یەکتری بوون..! بەلاّم بە بەرەکەتی پێغەمبەر( d ) ئەم ناکۆکیانەیان نەماو بوون بە کەس‌و برای ڕاستەقینەی یەکتری.

●●●●●●●

## ( ٤٢ ) یەکەمین ناکۆکی لەنێوان ئەوس‌و خەزرەج

بەناوی (حرب سمیر) بوو.. ئەم سەمیر ناوەش خۆی ئەوسی بوو، پیاوێکیش کە ناوی کەعب بوو لەهاوپەیمانی خەزرەج یان بوو هەندێك گاڵتەی بە سەمیر کرد.. ئەویش لەئەنجامدا کوشتی! ئینجا کە داوای خوێنیان کرد (ئەوس)ی نیوخوێنێکیان دا، ئەوانیش بەمە ڕازی نەبوون‌و سەرەنجام لێ یان بوو بەشەڕ تا هەردوولا ڕازی بوون کە کەسێك دەستنیشان بکەن بۆ دانیشتن‌و پێکهاتن‌و گفتوگۆ، (منذري کوڕی حەرام ی نەجاری) کە دەکاتە باپیرەی (حسانی کوڕی ثابت) دەستنیشانیان کرد بۆ ئەم کارەو هەردوولا (ئەوس‌و خەزرەج) ڕازی بوون بەم ناوبژیوانەو، کوڕی حەرام یش زۆر لێزانانەو دڵسۆزانە هەردوولای گەیاندەوە یەکتری‌و لەگەڵ یەك ئاشتی کردنەوە، بەلاّم دوای ئەمە

(هەر لەنێوان ئەم دوو هۆزە بەهۆی کولاندنەوەی برینی کۆنو کاریگەری سلبی دەورووبەری خراپەوە) شەڕی تریان زۆر لەنێوان رویداوە.. ئینجا لەسەر رووداوی جۆراوجۆر.

●●●●●●●

# ( ٤٣ ) یەکەم شارێك کە هاوەڵانی پێغەمبەر( d ) کە تیایدا تووشی نەخۆشیو تاو لەرزی بوون

مەدینەی پێغەمبەر( d ) بوو لەپێشدا کەناوی خۆی (یثرب) بوو، لەم نەخۆشیەش تەنها خۆشەویست( d ) لێی سەلامەت بوو.. دەنا هەموو هاوەڵان گرتیان، تاوەکو پێشەوا ئەبوبەکرو بیلالو عامری کوڕی فەهیرە رەزای خوایان لێ بێ ئەم نەخۆشیەیان بەجۆرێ گرتبوو کە عائیشەی دایکی بڕواداران رەزای خوای لەسەربێت دەفەرموێت: (فاستأذنت رسول الله( d ) في عيادتهم وذلك قبل أن يضرب علينا الحجاب من شدة الحمى.. فأذن لي.. فدخلت عليهم وهم في بيت واحد فوجدتهم يهذون من شدة الحمى) واتە: روخسەتم وەرگرت لە پێغەمبەر( d ) کە سەردانیان بکەم ئەمەش پێشی فەرز بوونی حیجاب، پێغەمبەر( d ) روخسەتی دام.. کاتی کە چوومە لایان بینیم ئەوان لەیەك ماڵن هورێنە دەکەن لەبەرخۆیاندا قسە دەڵێن لەبەر توندی تاو لەرزەکەیان.. ئینجا کاتی گەڕامەوەو خەبەرم دا بە پێغەمبەر( d ) ئەمیش سەری شەریفی بەرز کردەوە بۆ ئاسمانو لەبەر خوا پاڕایەوەو داوای کرد کە: (خوا مەدینەش بەلایان خۆشەویست کە هەروەکو چۆن مەککە بەلایان خۆشەویست بوو، وەبەرەکەت لەخواردنو خواردنەوەیان تێ باوێو لەش ساغو تەندروست باشیان بکاتو ئەم نەخۆشی تاو لەرزە لەسەریان لابەرێ) خوای گەورە نزاکەی خۆشەویستی قەبول فەرموو ئاو هەواو خاکەکەی بۆ خۆش کردنو ژیانی لەناو بۆ ئاسوودە کردن.

●●●●●●●

## ( ٤٤ ) یەکەم کەس دەستکاری مزگەوتی کرد لە دوای خۆشەویست( d )

پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب بوو خوا لێی رازی بێ، پێشەوا ئەبوبەکر هیچ گۆڕانکاری نەهێنا بەسەر مزگەوت بەڵام پێشەوا عومەر زیادی کردو دەستکاری کرد.

●●●●●●●

## ( ٤٥ ) یەکەم کەس مزگەوتی جوانکاری کرد

پێشەوا عثمانی کوڕی عەففان بوو خوا لێی رازی بێ.. کە بەردی رەنگاو رەنگو جوانو هەروەها بەزیوو ساج مزگەوتی پێغەمبەر( d )ی جوانکاری کردو رازاندیەوە، وە هەندێکی تریشی گەورەکرد.

●●●●●●●

## ( ٤٦ ) یەکەم مینبەر ( دوانگە )

کۆلکە دارخورمایەك بوو کە هەموو جار پێغەمبەر( d ) لەسەری رادەوەستاو وتاری بۆ هاوەڵان دەخوێندەوە، لەپاشان وەك لە فەرموودەی بەهێز داهاتووە: کوڕی ئافرەتێکی ئەنصاری کە دارتاش بوو مینبەرێکی سێ پایەی لەدارێکی زۆر باش بۆ خۆشەویست( d ) دروستکرد.. ئینجا خۆشەویست قاچە موبارەکەکانی لەپای ناوەڕاست دادەناو لەپای سێیەمیش دادەنیشت..

کاتی کە پێشەوا ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێ بوو بە جێنشین: لەسەر پایەی ناوەڕاست دادەنیشت وە پێیەکانیشی لەسەر هی خوارێ دادەنا..

کاتێکیش کە پێشەوا عومەر خوا لێی رازی بێ بوو بە أمیرو پێشەوای بڕواداران وەك‌و ڕێزێك بۆ جێی پێیەکانی پێغەمبەری ئوممەت‌و صدیقی ئوممەت لەوتارەکانی لەسەر پای یەکەم دادەنیشت‌و پێیەکانیشی دەخستنە سەر زەوی..

وە لەسەر دەمی پێشەوا عوسمانیش خوا لێی رازی بێ ئەویش هەر وەك پێشەوا عومەری کرد لەسەرەتای دەست بەکاربوونی.. بەڵام لەدوای ناوەڕاستی جێنشینییەکەی چووە پای سێیەم..

بەڵام کاتی کە ئیش‌و کار کەوتنە بەردەستی موعاویە خوا لێی رازی بێ ئەو ویستی مینبەرەکە بگوازێتەوە بۆ لای خۆی لەشام بەڵام دەنگۆیەکی زۆر لەنێو موسڵمانان لەمەدینە روویدا هەر بۆیە موعاویە کاتی کە ئەمەی بینی وازی لێهێناو، بەڵام هەر لەشوێنی خۆی (٦) شەش پایەی تری لەلای خوارەوەی بۆ زیاد کرد کە بوو بە (٩) نۆ پایە، سێ پایەکەی کە هەبوون کەوتنە لای سەرەوە..

کاتی کە (مەهدی کوڕی منصوری عەبباسی) لەساڵی (٢٦١)ی کۆچی زیارەتی (حەج)ی ئەنجامدا.. ویستی مینبەرەکە بێنێتەوە بۆ دۆخی جارانی.. واتە: بیکاتەوە بە (٣) سێ پایەکە..، بەڵام پێشەوا مالیك رەحمەتی خودای لێ بێ پێی فەرموو: وا مەکە لەبەر ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵکی.. هەر لەبەر ئەمەبوو خەلیفە (مەهدی) دەستی لە مینبەرەکە نەدا.

●●●●●●●

# ( ٤٧ ) یەکەم کەس کە نوێژی جەنازەی لەسەر جەنازەی عائیشەی دایکی بڕواداران کرد

ئەبو هورەیرە بوو خوا لێی رازی بێ کە ناوی راستەقینەی خۆی (عبدالرحمنی کوڕی صخری ئەزدی)یە.. ئەوەبوو کە لەشەوی سێشەممە بەرواری ١٧ی رەمەزانی ساڵی

(٥٧)ی کۆچی کە عائیشەی دایکی بڕواداران (ڕەزای خوای لەسەربێت) وەفاتی کرد.. ئەبوهورەیرە نوێژی جەنازەی لەسەر کرد، ئەبوهورەیرە بەخۆشی لەساڵی (٥٩)ی کۆچی هەر لەمەدینە وەفاتی کرد.

●●●●●●●

## ( ٤٨ ) یەکەم شتێك کە لە قورئانی پیرۆز نەسخ کرابێت

وەك لە عیکریمەو ئیمام حسن البصری خوا لێیان رازی بێ گێڕدراوەتەوە کە فەرموویانە: یەکەم شتێك کە لەقورئانی پیرۆز نەسخ کرا ئەوە دەربارەی گۆڕینی (قیبلە) بوو کە لەسەرەتای جوزئی دووەمی سوڕەتی (البقرة)دا هاتووە.

●●●●●●●

## ( ٤٩ ) بانگی نوێژە فەرزەکان

پێغەمبەر( d ) ویستی کە شتێك دابنێ و دیاری بکە کە خەڵکی بەهۆی ئەمەوە کاتی نوێژەکان بزانن و هەر بەهۆیەوەی کۆببنەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ.. ئەوەبوو هەندێك لە هاوەڵان پێشنیازی (بوق) یان کردو هەندێکی تریش باسی (ناقوس)یان لای دەکرد..

بەڵام خۆشەویست بەمانە رازی نەبوو دروشمێکی سەربەخۆی بۆ ئیسلام و موسڵمانان دەویست..

تا ئەوکاتەی پیاوێکی ئەنصاری کە ناوی (عبدالله ی کوڕی زەید) بوو بانگی هەر بەم جۆرەی کە ئێستا دەدرێ تاوەکو (لا إلە إلا الله) لەخەودا بینی، وە هەر لەم شەوەش پێشەوا عومەری کوڕی خەتتابیش هەمان خەونی بینی.. بەڵام فەرمووی: کاتێ بەیانی

بوو ئینجا دەچمو بە پێغەمبەر( d )ی رادەگەیەنم.. بەڵام پیاوە ئەنصارییەکە هەر بەم شەوە چووە ماڵی خۆشەویستو لەدەرگای ماڵیانی داو خەوەکەی بۆ پێغەمبەر( d ) گێڕایەوە.. هەروەها ریوایەتیش هەیە کە وەحی زووتر پێشی ئەم کابرایە بۆ سەر پێغەمبەر( d ) دابەزی.. پاشان ئەمانیش ئەو خەونەی خۆیان بۆ گێڕایەوە.

●●●●●●●

## ( ٥٠ ) یەکەم بانگبێژ لەئیسلامدا

دوای ئەم خەونە پێغەمبەر( d ) دەستبەجێ فەرمانی دا بە (بیلال) کە یەکەم بانگبێژو بانگ بوو لەئیسلامەتی کە درا، (بیلال)یش فەرمووی هەر ئەو جۆرە بانگەی کە ئەمڕۆ بۆ نوێژەکان دەوترێت.. ئەوە نەبێت بیلال خوا لێی رازی بێ لەبانگی نوێژی بەیانیان ئەم کۆپلەی زیادکردو دوا بەدوای (حي على الفلاح) فەرمووی: (الصلاة خير من النوم) پێغەمبەریش( d ) پەسەندی کردو بوو بە بەشێك لەبانگی نوێژی بەیانی..

بیلال (خوا لێی رازی بێ) لەمزگەوتی عومەری کوڕی خەتتابیش لە (قودس) بانگی فەرمووە وە سەرەنجامیش لە (دیمەشق) وەفاتی کرد..

خۆشی بانگ لەساڵی (١) یەکەمی کۆچی لەدوای دروستکردنی مزگەوتی پێغەمبەر ( d ) لەمەدینە دانرا، کە خۆشی دوو بانگبێژی هەبوون: (بیلال ی حەبەشیو)و (عبداللهی کوڕی رەواحە).

●●●●●●●

## ( ٥١ ) یەکەم جار کە زەکات واجب بوو

لەساڵی (٢) دووەمی کۆچی بوو کە روکنی سێیەمی ئیسلامەتییە.

●●●●●●●

# ( ٥٢ ) یەکەم فەرمان بە جەنگ

لە مانگی سەفەر کە تەنها (١٢) دوانـزە شـەوی لـێ رۆیـشتبوو لەسـاڵی (٢) دووەمـی کۆچی.

●●●●●●●

# ( ٥٣ ) یەکەم فەرمانی خوا ( سەبارەت بە جەنگ ) کە لە( قورئان )ی پیرۆز دابەزی

ئەوە ئایەتی (٣٩)و (٤٠)و (٤١) لەسورەتی (الحج) بوو.. ئینجا ئـەوە لـەدوای ئـەوەی کە نزیکەی (٧٠) حەفتا ئایەتی قورئانی پیرۆز دابەزی کە دووری دەکردنەوە لە جـەنگ.. بەڵام وا دیاربوو جگە لەمە رێگە چارەیەکی تر نەما هەربۆیە خوای گـەورە فـەرمانی کـرد بە پێغەمبەرەکەی( d )و موسڵمانان کە جەنگ بکەن لەپێناو سەرخستنی دینی خوادا.

●●●●●●●

# ( ٥٤ ) یەکەم رەوانکراو بۆ جەنگ لەگەڵ بێ باوەڕاندا

پێغەمبەر( d ) یەکەمجار بوو لە مێژووی ئیـسلامەتی ئیمـامی حـەمزەی مـامی خـۆی لەگەڵ (٣٠) سی سوار لە کۆچبەران نارد لەنێو مانگی رەمـەزان کـە نزیکـەی (٧) حـەفت مانگ بەسەر هیجرەت دا تێپەڕیبوو..

لەدەرچوونەکەیان پێشیان لەکاروانێکی قوڕەیـشیان گـرت کـە ئەبوجـەهلو ٣٠٠ سـێ سەد سواری تێدابوو.. کاتی کە گەیشتن بە یەکو هەردوولا خۆیان ئامـادەکرد بـۆ شـەڕ.. پیاوێکی مەجدی کە ناوی (عەمرو جوهەنی) بوو کەوتە ناوبژیوانیانو نەیهێـشت شـەڕەکە رووبدات.

●●●●●●●

## ( ٥٥ ) یەکەم ئاڵا کە لەئیسلامدا هەڵکرا

هەر لەگەڵ ئەم ٣٠ سی سوارەی کە بەسەرکردایەتی ئیمامی حەمزە بوون یەکەم ئاڵای ئیسلامەتی هەڵکرا، کە رەنگی ئاڵاکە سپی بوو، وە بەدەستی (مورثیدي کەنناری کوڕی حصین غەنەوی)یەوە بوو.

●●●●●●●

## ( ٥٦ ) یەکەم تیرێك کە لە ئیسلامەتی هاویشترابێت

ئەوە بەدەستی (سەعدی کوڕی أبی وەقاص) لە سریەی (عوبەیدەی کوڕی حارثي کوڕی عبدالمطلب) لەمانگی شەوال کە تەنها (٨) هەشت مانگ بوو بەسەر کۆچدا تێپەڕ ببوو، کە بەرامبەر بە کاروانی ئەبو سوفیانو ٢٠٠ دوو سەد سوارەکەی لەگەڵی دابوون.. کە ژمارەی موسڵمانانیش تەنها ٦٠ شەست کەس بوون کە لەگەڵ عوبەیدە دابوون.. بەڵام هەر دوور بەدووری تێك گرتن هەبوو لەمەیش جەنگ روونەدا.

●●●●●●●

## ( ٥٧ ) یەکەم غەزای پێغەمبەر( d )

غەزوەی (ودان) بوو.. هەندێکیش دەڵێن: غەزوەی (ألأبواء) بوو.. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئەو دوو شوێنە زۆر لێك نزیکن لە (وادی الفرع)، پێغەمبەر( d ) بۆ یەکەمجار دەرچوو بۆ ئەو غەزوەیە لەمانگی صفر لەنزیکەی ١٢ دوانزە مانگ تێپەڕ ببوو بەسەر کۆچدا کە دەیکردە ساڵی ٦٢٣م وە ٦٠ کەسی لەگەڵ دابوو کە هیچ کامێکیان لە (پشتیوانان) نەبوو هەر هەموویان لە (کۆچبەران) بوون، وە گەورەترین دەسکەوت لەم دەرچوونە هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزی (بەنی ضمرة) بوو.. ئەوە بوو کە نووسراوێکیان

نوسـی لەسـەر بەسەرخـستنی یـەکتری‌و ئـەوانیش پاڵـپـشتێکی بـاش بـن بـۆ دینـی خـواو پێغەمبەرەکەی( d ) .. وە ئیمام حەمزەی مامیـشی لەگـەڵ دابـوو، ئـاڵاێیکی سـپی یـان پێ بوو، ١٥ پانزە رۆژیان پێ چـوو.. لـەم فـەترە زەمەنیـەش پێغەمبـەر( d ) (سـەعدی کوڕی عوبادە)ی لەشوێنی خۆی لە مەدینە بەجێ هێشتبوو.

●●●●●●●

## ( ٥٨ ) یەکەم کەس لە کافران کە بە دەستی موسڵمانان کوژرابێ

ئەوە عەمری کوڕی الحضرمي بوو کە (واقیدی کوڕی عبدالله التیمـی) تیرێکـی گرتـێ‌و کوشـتی.. ئـەوەش لەسـریەی (عبـداللەی کـوڕی جـەحش الاسـدی) لـەمانگی رەجـەب کـە نزیکەی ١٧ مانگ بەسەر کۆچ تێپەڕ ببوو.. کە دەیکردە مانگی نۆفەمبەری ساڵی ٦٢٣م لە (نەخلـة) کـە باخـچەیەك بـوو لـە نزیـك مەککـەوە خاوەنەکەشـی: (کـوڕی عـامر) بـوو، خۆشی سەرۆکی سریەکە لەسەرەتادا (أبـا عوبەیـدەی کـوڕی جـەڕاح) بـوو، بـەلام لەبـەر هۆیەك پێغەمبەر( d ) گۆڕی کردیە (عبداللەی کوڕی جەحش).

●●●●●●●

## ( ٥٩ ) یەکەم ( الخمس ) پێنج یەك لە ئیسلامەتی دا

هەر لە سریەکەی (عبداللەی کوڕی جەحش) بوو کاتی کە لە (نەخلة) گەڕانەوە لـەرێگا ئـەو دەسـکەوتەی بەردەسـتیان کـەوتبوو لـەم غەزوەیـە پێـنج یـەکی گێڕایـەوەو بـاقی دەستکەوتەکانی تری دابەش کـرد بەسـەر هـاوەلانی، شـایەنی باسـە کـە ئەمـە یەکـەمین پێنج یەك بوو لە ئیسلام کە هێشتان فەرزیش نەکرابوو.

●●●●●●●

# ( ٦٠ ) یەکەم دەسکەوتی موسڵمانان

هەر لەسریەکەی (عبداللەی کوڕی جەحش) بوو کە تەنها یەك رۆژ مابوو بۆ مانگی رەجەب کە ١٧حەڤدە مانگ تێپەڕیبوو بەسەر کۆچ لەلای (نەخلە) لەگەڵ چەند موشریکێکی قورەیش.

## یەکەمین دیلی کافران بەدەست موسڵمانانەوە

هەر لەسریەکەی (عبداللەی کوڕی جەحش) بۆ یەکەمجار موسڵمانان دیلیان کەوتنە بەر دەستی ئەوانیش پێکهاتبوون لە:

١- عثمانی کوڕی عبدالله

٢- حەکەمی کوڕی کیسان

کە پاشان بۆ خۆی موسڵمان بوو (لە دینی کوفر بۆ خۆی رزگاری بوو) پاشانیش لەغەزای (بئرو معونە) شەهید بوو.

●●●●●●●

# ( ٦١ ) یەکەم کەس کە وشەو لەقەبی ( أمیر المؤمنین ) پێشەوای بڕوادارانی پێ گوترا

بۆ یەکەمجار دوای گەڕانەوەی (عبداللەی کوڕی جەحش)و یاوەرانی لە سریە هەناردراوەکەی پێغەمبەری خوا بۆ نەخلەو گەڕانەوەیان بەسەرکەوتوویی ناویان لە عبداللەی کوڕی جەحش نا (أمیر المؤمنین) بەڵام پاشان لەدوای خۆشەویست( d ) بۆ یەکەمجار ئەم لەقەبە لە پێشەوا (عومەری کوڕی خەتتاب) نرا.

تێبینی/ خوێنەری بەڕێز پێویستە لەمە ئاگاداربێ کە ئەو سریەو شەڕەکەی رووشیدا ئەوە لەمانگی رەجەب بوو.. هەروەك دەشیزانن کە مانگی رەجەب یەکێکە لە مانگەکانی

(أشهر الحرم) واتە: نابێت شەڕو کوشتاری تێدا روویدات، هەر بۆیە موشریكو بێ باوەڕان ئەمەیان قۆزتەوەو رەخنەیان گرت لەوەی کە گوایە: پێغەمبەر( d )و یارانی مانگێکی حەڕامیان بە هەل زانیوەو شەڕیان تیایدا ئەنجامداوە..! بەڵام پێویستە هەموولا لەم راستیە ئاگاداربین کە:

کاتێك سریەکە هاتنەوە بۆ مەدینەو گەیشتنەوە خزمەت پێغەمبەر( d ) پێی فەرموون: (ما أمرتكم بقتال في الشهر الحرام) (بۆچی واتان کرد) خۆ من فەرمانی جەنگم پێ نەدابوون لەمانگی حەڕام؟، کەواتە: خۆشەویست( d ) بەم کارەی (عبداللهی کوڕی جەحش)و یاوەرانی رازی نەبوو، بەڵام تازە خۆ روویداو ئینجا پاشان ئەم ئایەتە دابەزی: ((يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ اللّهِ... تا کۆتایی ئایەتەکە)) البقرة: ٢١٧.

●●●●●●●

# ( ٦٢ ) یەکەم رەئی لەدوای رەئی پێغەمبەر( d )

ئەوە رەئی هاوەڵی بەڕێز: (حبابی کوڕی منذري کوڕی الجموح) بوو خوای لێی رازی بێ، کاتی کە لەغەزای بەدری گەورە کە خۆشەویست( d ) لەلای کانیەکی زۆر لەپێشەوە ویستی لابداتو جەیشەکە لەوێ جێگیر بکات ئەوە لەکاتێکدا کە چەندین کانی تر دەمانو دەکەوتنە نێوان لەشکری موسڵمانانو کافرانی قورەیش، حەباب چووە لای پێغەمبەرو پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم شوێنە خوا فەرمانی پێت کردووە کە لێرە دابکوتین کە هیچ قسەکردنی ئێمەی پێ ناوێ.. یانیش ئەوەتەیە رەئیو حەربو پلان داڕشتنە؟ پێغەمبەر( d ) فەرمووی: (بل الرأي والحرب والمكيدة)، جا حەباب گوتی: کەوابێ ئێرە باش نییە بەڵکو بابچینە ئاخیر ئاو کە لەهەر هەموویان لەپێشتر بێتو ئێمە حەوزێکی لەسەر دروست دەکەینو ئاوەکانی تریش دەگرینو ئەوکاتە تەنها

ئێمە خاوەن ئاو دەبین‌و لەشكری ئێمە ئاو دەخواتەوەو كەچی ئەوان ئاو ناخۆنەوەو تێنوێتیش كاریگەری زۆری هەیە لەسەر جوندی..، پێغەمبەر( d ) پێی فەرمووی: (أشرت بالرأي) بەڕاستی رەئیەكەت چاك‌و لە جێیە.. ئینجا فەرمانی دەركردو خەڵكەكەی هەڵساندەوەو ئەم كارەشی هەر بە حەباب خۆی سپارد، چونكە هەر خۆشی كەسێكی خەبیرو لێزان بوو بە كانی‌و بیری ئەم شوێنە، هەر بۆیە حەبابیش بەكاری خۆی هەڵساو سەرەنجامیش (شوكر بۆ خودا) سەركەوتن بۆ پێغەمبەرو هاوەڵە بەڕێزەكانی بوو..، ئینجا هەر لەم رۆژەوە هاوەڵان بە حەبابیان دەگوت: (ذوالرأي).

●●●●●●●

## ( ٦٣ ) یەكەم بیرۆكە ( ألعریش )

لەپاشی ئەمە.. هەر لەغەزای بەدری گەورە (سەعدی كوڕی معاذ) خوا لێی رازی بێ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا بۆچی (عەریشێكت) بۆ دروست نەكەین بۆ ئەوەی تۆ لەناوی دابی (عەریش وەك‌و خەیمەیە بەڵام بە چروو پەلكە دار دروست دەكرێت بۆ سێبەر) لەپاشان ئێمە دەڕۆین بۆ شەڕەكە..

ئەگەر سەركەوتین (كە هەر ئەوەمان داوایە لە خوا..) ئەگەر بە پێچەوانەوەش بوو ئەوا تۆ بگەڕێوە بۆ مەدینە، لەبەر ئەوەی (سوێند بە خوا) خەڵكێكی زۆر لە مەدینە جێ ماون‌و خۆشەویستی ئێمە بۆ تۆ هیچ زیاتر نییە لە هی ئەوان، ئەگەر بهاتایەو بشیان زانیبایە تۆ تووشی غەزا دەبی بەخوا بەگەڵت دەكەوتن‌و جێ نەدەمان.. پێغەمبەر( d ) فەرمووی: (یقضي الله خیرا من ذلك یا سعد)..

كەواتە پێغەمبەرمان( d ) بەم رەئیەی سەعدی رازی بوو.. ئینجا عەریشێكیان بۆ دروست كرد لەسەر بەرزاییەك كە جەنگەكەی لێ دیار بوو.. (كە ئێستا لە تەنیشت شوێنەكە كراوە بە مزگەوتی بەدر، هەر كەوتۆتە لای كانییەكە).

●●●●●●●

# ( ٦٤ ) یەکەمین کوژراو لە غەزای بەدر

کەسێکی موشریك بوو بەناوی (ئەسوەدی مەخزومی) کە کەسێکی ناشرینی ڕەزا قورس بوو.. سوێندی خوارد کە دەبێ لە ئاوەکەی موسڵمانان بخواتەوەو هەروەها بی روخێنێتە ناو یەکتری‌و یانیش دەبێ لەو پێناوەدا بمرێت.. کە پڕکێشی کرد بۆ سەر ئاوەکە ئیمامی حەمزە لێی دا، بەڵام سەرەتا لەقاچی داو خستی لەبەر ئەوەی مەبەستی کوشتنی نەبوو.. بەڵام ئەم ئەسوەد ناوە موشریکە کە دەیکردە برای هاوەڵی بەڕێز: (عبدالله ی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزومی) کە پیاوی ئوم سەلەمە بووە خوا لێی ڕازی بێ.. هەر وازی نەهێناو بە برینداری‌و بە خشان دەچوو بۆ لای ئاوەکەو دەیویست سوێندەکەی بگەیەنێتە جێ، بەڵام ئیمامی حەمزە ئەمجارەیان لێی داو کوشتی، ئەوە یەکەم کوژراو بوو لەم غەزایە.

●●●●●●●

# ( ٦٥ ) یەکەمین کەس کە لە دوارۆژ دەفتەری کردەوەکانی بەلای چەپی پێ دەدرێت‌و یەکەمین کەسیش کە بەلای ڕاست وەری دەگرێ

ئەوەی بەلای چەپ پێی دەدرێت ئەوە ئەم ئەسوەد ناوەیە کە لەپێشدا باسمان کرد.. وە ئەوەی یەکەمین کەس بەلای ڕاست دەفتەری أعمالی وەردەگرێ ئەوە برایەکەیەتی (عبدالله)ی پیاوی ئوم سەلەمەی هاوەڵ.. هەروەکو لەچەند فەرموودەیەك ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە..

هەربۆیە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین: برا یان باب‌و کوڕ.. هیچیان بە مەلەوان زانینی ئەوی تر ناپەڕێتەوە وە کەسیش گوناهی کەس لە ئەستۆ ناگرێت هەروەکو لە قورئانی پیرۆزیش دا هاتووە: ((وَلاَ تَـزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْـرَى)) الانعام: ١٦٤.. کەوابی

پێویستە بۆ خۆت تاماوی كاری وا بكەی كە بۆ ئەم دوونیا بەكەڵكت بێت (بۆ ئەو رۆژەی كە كەس نایەتە فریات)!!!.

●●●●●●●

## ( ٦٦ ) یەكەمین موبارەزە لەئیسلامەتیدا

ئەم موبارەزەیەی كە لەغەزای بەدر لەپێشی هەڵگیرسانی جەنگەكە رویدا.. ئەوەبوو كە لەناو موشریكان ٣ سێ كەس هاتنە مەیدان.. كە گەورەكەیان (عوتبە) بوو.. سەلكی زۆر گەورەبوو هەر لەبەر ئەمە هەرچی كلاّوی جەنگ هەبوو لەناو سوپای كافران تاقی كردەوە هیچ كامێكیان بۆی نەبوو.. ناچار بوو قوماشێكی زیادەی بەری لەبەربكاتەوەو لە سەلكی خۆی بئاڵێنێ، پاشان (شەیبە)ی برایی‌و (وەلید)ی كوڕی لەگەڵ خۆی دەرهێنان بۆ مەیدانی جەنگ‌و داوای كرد كە ٣ سێ كەس لە موسڵمانانیش بۆیان بێنە دەر؟ ئەوەبوو ٣ سێ نەفەر لە پشتیوانان بۆیان هاتنە مەیدان كە بریتی بوون لە هەریەك لە (عەوف)و (موعاذ) كە هەردووكیان كوڕی (حارث) بوون، لەگەڵ (عبداللەی كوڕی رەواحە).. بەلاّم كاتێك كە لێك نزیك بوونەوە موشریكەكان گوتیان: ئێوە كێن؟ ئەوانیش وەلاّمیان دانەوەو گوتیان ئێمە كۆمەڵی پشتیوانانین، گوتیان ئێمە پێویستیمان بە ئێوە نییە باوەكینێ لەخەڵكی مەككە بۆمان دەرچن، هەربۆیە كاتێك كە ئەوان ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە یەك لە موشریكەكان بەدەنگێكی بەرزەوە هاواری كردو گوتی: ئەی محمد هاوشانانی ئێمە لەخەڵكی مەككەی خۆمان بۆمان بنێرە؟ پێغەمبەر( d ) فەرمانی بە ٣ سێ هاوەڵە بەڕێزەكانی پشتیوانانی كرد كە بگەڕێنەوەو ٣ سێ كەسی لە نزیكانی خۆی بۆیان دەرچن، لەپاشان فەرمانی داو فەرمووی: (قم یا عبیدة بن الحارث، قم یاحمزة بن عبدالمطلب، قم یاعلي بن أبي طالب) ئینجا لەبەر فەرمانی پێغەمبەر( d ) ئەوانی تر گەڕانەوەو ئەم ٣ سێ كەسە چوونە شوێنیان‌و عوبەیدە كە بەتەمەنترینی

٣ سێ نەفەرەكەی موسڵمانان بوو كەوتە بەرامبەر عوتبەی كە ئەویش بەتەمنترینی ئەوانی تر بوو، وە ئیمامی حەمزە كەوتە بەرامبەر شەیبەو هەروەها پێشەوا علی كەوتە بەرامبەر وەلیدی كوڕی عوتبە..

لەپێشدا ئیمامی (حەمزە) شەیبەی كوشت، پاشان پێشەوا (عەلی) وەلیدی كوشت، بەلاّم (عوبەیدە)و عوتبە ماوەیەكی زۆریان پێ چوو لەپاشان هەردوولا بەدوو برینی گەورە یەكتریان زامدار كردو یەكتریان خستە سەر زەوی.. پاشان ئیمامی (حەمزە)و پێشەوا (عەلی) خوا لێیان رازی بێ عوتبەیان هەر لەوێ تەواو كردو بەهەردووكیان (عوبەیدە)یان بە بریندارى بردەوە بۆ نێو لەشكری موسڵمانان..

هەر بەهۆی ئەم برینەیەوە بوو (كە كەوتبووە ئەژنۆی عوبەیدەوە) كاتێك كە لە(سەفراء) گەڕانەوە پێی شەهید بوو..

ئینجا ئەمە یەكەم موبارەزەو زۆرەمبازی بوو لەئیسلامەتی كە ڕویدا.

●●●●●●●

# ( ٦٧ ) یەكەم شەهیدی موسڵمانان لە غەزای بەدر

ئەوە (میهجەع)ی كۆیلەی پێشەوا (عومەری كوڕی خەتتاب) بوو، لەپاشان (عەمیری كوڕی حەمام)ی پشتیوان شەڕێكی توندی كرد تا شەهید بوو.. هەروەها (حاریثەی كوڕی سوراقە)ی پشتیوانان تیرێكی بەركەوتو شەهید بوو، وەهەروەها (عەوفی كوڕی عەفراء) شەڕی كرد تاوەكو شەهید بوو.. ئینجا بەڕاستی هاوەلاّن (خوا لێیان رازی بێ) شەڕێكی زۆر توندو چالاكانەیان ئەنجامدا ئەگەرچی ژمارەشیان زۆر لە بێ باوەڕان كەمتر بوو.. بەلاّم لەكۆتاییدا سەركەوتنی گەورە هەر لە بۆ موسڵمانان بوو، كە خۆی جەنگەكەش لەبەیانی زوو تا نیوەڕۆ بەردەوام بوو، نیوەڕۆ كۆتایی بە جەنگەكە هات بەسەركەوتنی پێغەمبەر( d )و هاوەلاّنی (شوكر بۆ خودا)، ئینجا ژمارەی كوژراوی بێ

باوەڕان گەیشتە ٧٠ حەفتا نەفەرو دیلەکانیش ٧٤ حەفتاو چواریشیان بەدیل گیران‌و کەوتنە بەر دەستی موسڵمانان..

شەهیدەکانی موسڵمانانیش لەم غەزایەدا گەیشتە (١٤) چواردە شەهید کە (٦) شەشیان لە (کۆچبەران) بوون‌و (٨) هەشتیشیان لە (پشتیوانان) بوون.

●●●●●●●

## ( ٦٨ ) یەکەم دیل لە دیلەکانی بەدر کە ئازاد کرابێ[٧]

ئەوە (ئەبو وەداعەی حاریث) بوو کە کوڕەکەی ناوی (مطلب) بوو کاریشی بازرگانی بوو هەڵسا بەکڕینەوەی ئەبو وەداعەی باوکی بە (٤٠٠٠) چوار هەزار درهەم فیدیەو موقابیلی دا، ئینجا هەر خۆشی دوای ماوەیەك موسڵمان بوو، (هەندێك لەهاوەڵە بەڕێزەکانیان هەژمارکردووە)، قوڕەیش کە ئەمەیان زانی خەڵکیان ڕەوانە کرد بۆ موقابیل دان ئینجا هی وا هەبوو بە موقابیلی ماددی ئازادکران‌و هەندێکیش بەمەرجی ئەوەی گەر خوێندەواریان هەبێ هەر یەکێك لە ئەوان (١٠) کەس لە موسڵمانان فێری خوێندەواریان بکات ئەوکاتە ئازاد دەکرێ.

●●●●●●●

## ( ٦٩ ) یەکەم سەرکەوتنی موسڵمانان لەجەنگەکانیان

ئەوە ڕووداوی بەدر بوو سەرەڕای ئەوەش کە ژمارەی موسڵمانان زۆر کەمتر بوون‌و تەنها ٣١٣ کەس بوون‌و هەروەها چەك‌و کەلوپەلی جەنگیشیان وەکو پێویست پێ نەبوو ئینجا (بەبەرەکەتی خوا) بەسەرکەوتن بەسەر جەیشێك کە ٣ قات لەخۆیان زیاتر بوون کە ژمارەیان لەدەوروبەری ١٠٠٠ هەزار نەفەر دەبوون‌و ٧٠٠ حوشتریان پێ بوو لەگەڵ

١٠٠ سەد ئەسپ‌و کەلوپەلی باشی جەنگ.. بەڵام لەبەرامبەر هیممەت بەرزی موسڵمانان هەروەها لێزانی قائیدی لەشکری موسڵمانان کە خودی پێغەمبەر( d ) خۆی بوو.. هەروەها سەرووی ئەمانەش یارمەتی خوای گەورە بێ باوەڕان شکستیان هێناو بەجۆرێك کە هیچ سوودێکیان لەم هەموو کەلوپەلی جەنگ‌و هەروەها سوپایە پێ وەرنەگیرا.

●●●●●●●

# ( ٧٠ ) یەکەم کەس لە أهل‌و بەیت دوای وەفاتی پێغەمبەر( d ) وەفاتی کردبێت

ئەوە خاتوو فاتیمەی زەهرای کچی پێغەمبەرمان( d )و دایکی حەسەن‌و حوسەین‌و هەروەها خێزانی پێشەوا عەلی بوو خوا لێیان رازی بێ.. کە ٦ شەش مانگ دوای وەفاتی خۆشەویست( d ) ئەویش لە تەمەنی ٢٩ یان ٣٠ساڵی وەفاتی کرد.

●●●●●●●

# ( ٧١ ) یەکەمین جەنازە لەئیسلامەتی کە دارەبازەکەی دا پۆشرابێت

ئەوەش فاتیمەی زەهرا خوا لێی رازی بێت یەکەمین ئافرەت بوو لەئیسلامەتی کە لەناو دارەبازە جەنازەکەو دارەبازەکەی داپۆشراو لەسەر گۆڕو کاتی ناشتنی پەردەیەکیان لەسەر گۆڕەکە راگرت بۆ ئەوەی نامەحرەم چاویان پێ نەکەوێت..

هەروەک‌و دەستوری ئێستا کە لەناو موسڵمانان ئەمە پەیرەو دەکرێت‌و لەکاتی بەخاك سپاردنی تەرمی هەر ئافرەتێك بەتانیەك رادەگرن‌و چەند مەحرەمەمێك

هەڵدەستن بە دانانی جەنازەکە لەناو گۆڕو سەرگرتنیو ئینجا پاشان خەڵکی ئامادەبوو خۆرەکە تێدەکەنەوە..

دەڵێن لەدوای وەفاتی خۆشەویست( d ) فاتیمە نەبینراوە پێبکەنێت.. وەبەر لەوفات کردنیشی وەسیەتی کرد کە: بەشەو بینێژن.

●●●●●●●

# ( ٧٢ ) یەکەمین هۆزی جولەکە کە لە مەدینە بەدەرنران

ئەمە هۆزی بەنو قەینوقاعی جولەکە بوون کاتێك کە هودنەو پەیمانی نێوان خۆیانو پێغەمبەر( d ) شکاندو لەنێوان غەزای بەدرو غەزای ئوحود شەڕو ئاژاوەیان ناوە..

ئینجا خۆی ئەو غەزوەی بەنوقەینوقاع لەمانگی شەوال لەساڵی دووەمی کۆچی بوو.. واتە: لە فەبرایەری ساڵی ٦٢٤م.. هۆیەکەشی ئەوەبوو لەبازاڕێك کە بەناوی (بازاڕی بەنی قەینوقاع) بوو بێ ڕێزیەکیان بەرامبەر بەئافرەتێکی موسڵمان کرد..! ئەم ئافرەتەش هاواری کرد (وا إسلاماه.. وا محمداه).. لەوکاتە موسڵمانێك ئەلەوێ گوێی لێ بوو غیرەتی موسڵمانانەی جولا.. هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ: ((أشداء على الكفار رحماء بينهم..)) الفتح: ٢٩، هەربۆیە هەڵساو تاوانباری ئەم کارە کە پیاوێکی جولەکە بوو لەم هۆزە کوشتی.. ئەوانیش بەهەموویان موسڵمانەکەیان کوشت.. هەواڵەکە چۆوە لای خۆشەویست( d ) تەشریفی چوو ئەم هۆزەی هەر لەناو بازاڕەکەیانیدا کۆکردەوەو پێی فەرموون: (يا معشر اليهود احذروا من الله عز وجل مثل ما نزل بقريش من النقمة وأسلموا فإنكم قد عرفتم أني بي مرسل.. تجدون ذلك في كتابكم وفي عهدالله إليكم) واتە: ئەی کۆمەڵی جولەکە ئاگادارتان دەکەمەوە لەوەی کە عەزابو سزای خوای گەورە بتانگرێتەوە هەروەکو بەسەر قوڕەیشیان داهات لەو نەهامەتیانە، وە داواتان لێ دەکەم موسڵمان بن لەبەر ئەوەی ئێوە (لەهەموو کەس باشتر) دەزانن کە من

پێغەمبەری نێردراوم ئەمەش لە پەرتوکی خۆتان (کە تەوراتە) دەیبینن وە پەیمانی خوایە بۆ ئێوە (لە پێشدا)..

بەلاّم دوای ئەم قسە نەرمەی خۆشەویست کە خوای گەورە لەوەسفیا دەفەرموێ: ((رحمة للعالمین)).. لەگەڵی کردن کەچی ئەوان بە پێچەوانەوەو بەقسەی زۆر توندو ڕەق وەلاّمیان دایەوەو گوتیان:

ئەی محمد ئەتو وادەزانی ئێمەش وەکو قەومی تۆینە..؟ بەمە لەخشتە نەچی کە تۆ بەرەنگاری خەڵکێك بوویەوە کە هیچ زانیارییەکیان دەربارەی جەنگ نییەو بەم هۆیەوە هەلێکت بۆ ڕەخسا (لێرەدا مەبەستیان پێی غەزای بەدر بوو) بەلاّم ئێمە سوێند بەخوا گەر تۆ شەڕمان لەگەڵ بکەی ئەوکاتە بۆت روون دەبێتەوە کە ئێمە کێین..!

ئینجا ئەگەر لێرەدا هەڵوەستە بکەین‌و سەرنجی بدەینێ بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوان ئیعلانی شەڕیان کرد.. (کەچی بۆ موسڵمانان‌و بۆ مێژوو روون بویەوە کە تەنها هەڕەشەو خۆ گیف کردنەوە بوو) دەنا بەرامبەر بە پێغەمبەرو یارانی بۆ ماوەیەکی زۆر کەم خۆیان گرت‌و لەپاشان مەدینەیان لێ پاك کرایەوەو ژن‌و منداڵەکانیشیان لێ بەجێ ما.. بەلاّم موسڵمانان وێیان دانەوەو غەنیمەتەکەش بۆ موسڵمانان بەجێ ما.

●●●●●●●

# ( ٧٣ ) یەکەم ( خُمُس ) پێنج یەك کە پێغەمبەر( d ) بۆی دیاری کرابێت

ئەوە هەر لە غەزای بەنی قەینوقاع بوو کە بۆ یەکەمجار پێغەمبەر( d ) پێنج یەکی بۆ خۆی گێڕایەوەو چوار بەشیشی دا بە موسڵمانەکان.. وە هەر لەم غەزایە ئاڵای پێغەمبەری( d ) کە رەنگی سپی بوو لەلای ئیمامی حەمزە بوو.

●●●●●●●

# ( ٧٤ ) یەکەمین بیرۆکەی موشریکانی مەککە لە خۆ ئامادەکردنیان بۆ جەنگی ئوحود

موشریکەکان کاتێ کە لەجەنگی گەورەی بەدر شکستیان هێنا.. هەربۆیە: عبداللهی کوڕی رەبیعەو عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهلو سەفوانی کوڕی ئەبی رەبیعەو.. چەند کەسانێکی تریش لە گەورەپیاوانی قوڕەیش (لەوانەی کە باب یان کوڕ یانیش برایان لەجەنگی بەدر لەدەست دابوو) چوونە دار الندوة کە ئەو بازرگانیەی ئەبو سوفیان سەرۆکی بوو لەکاتی جەنگی بەدرو هەر بەهۆی ئەم کاروانەش بوو ئەم جەنگە بەرپابوو (کە ئەمەیان هۆیەکی سەرەکی بوو) هەربۆیەش راگیرابوو لە (دار الندوة)و نەیانگەڕاندەوە دەست خاوەنەکانیان.. جا ناوبراوان (واتە: عبداللهو عیکریمەو سەفوان) گوتیان: محمد بەسەرتان زاڵ بوو هەڵبژاردەو باشترین پیاوی لێ کوشتن هەربۆیە بەم کاروانە یارمەتیمان بدەن کە بچینو جەنگیان لەگەڵ دا بکەینەوە بەڵکو بەهۆی ئەمەوە تۆڵەی خۆمان دەکەینەوەو دڵمان تۆزێك دادەمرکێتەوە..

ئەوەبوو کە هەموویان رای خۆیان لەسەر ئەمەدا کە ئەو جەنگە ئامادەکاری بۆ بکرێتو خەرجییەکەشی بەقازانجەکەی ئەم کاروانە بکرێت، لێرەدا ئەبو سوفیان یەکەمین کەس بوو کە بە پیر ئەم داوایەوە هاتو سەرمایەکەیان کە نزیکەی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار دەبوو دایانەوە بە خاوەنەکانیانو قازانجەکەشی کە هەر دینارێك دینارێکی راکێشابوو ئەمیشیان بۆ کەلوپەلی جەنگ دانا.

●●●●●●●

## ( ٧٥ ) یەکەم کەس لە جولەکە کە لەجەنگی ئوحود شان بەشانی پێغەمبەرو یارانی لە پێناو خوادا جەنگا

ئەوە (موخەیریق) بوو.. إبن إسحاق دەڵێ: ئەوەی کە شەهید بوو لەرۆژی ئوحود کە لەپێشدا لەسەر ئایینی جولەکە بوو ئەوە (موخەیریق) بوو کەسێك بوو لە (بنوالنذیر)یان.. وە لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگ هەر ئەوکەسە بە جولەکەکانی گوت: ئەی کۆمەڵی جولەکان سوێند بەخوا دەزانن کە (محمد) پێغەمبەری خوایەو سەرکەوتنی پێغەمبەری خواش حەقە.. بەڵام ئەوان گوێیان بە قسەکەی نەدا کە لەگەڵ ئەوەش هەر لەخۆشیان بوو هەروەك زۆر زاناو بلیمەت بوو لەهەمان کاتیشدا سامانێکی زۆریشی هەبوو.. کاتێك کە بێ مەوقیفیو بێ هەڵوێستی لەقەومەکەی خۆی بینی هەربۆیە دەستی دایە شمشێرو چو بۆ مەیدانی جەنگو گوتی: ئەگەر من هەرچیەکم بەسەر هات ئەوا هەرچی هەمە دەیدەمە پێغەمبەر( d )و ئەو هەرچیەکی پێ باشە با وای لێ بکە..

ئینجا لەپاشان چوو شان بەشانی پێغەمبەر( d )و هاوەڵە بەڕێزەکانی غەزای کرد تاوەکو شەهید کرا.. لێرەدا پێغەمبەر( d ) دەربارەی ئەم پیاوە مەردەی فەرمووی: (مُخیریق خیر یهود) واتە: موخەیریق باشترینی جولەکان بوو.

●●●●●●●

## ( ٧٦ ) یەکەم کەس کە پێش کوشتنی ( ٢ ) دوو رکەعات نوێژی سوننەتی ئەنجام دابێت

ئەوە خوبەیب بوو، یەکێك لەو شەش نێردراوانەی کە پێغەمبەر( d ) بۆ هۆزی (بەنی لەحیان) لە (هوذەیلیان)و وارید بوونی خیانەتێکی گەورە لێیان!

ئەوانە چوون بۆ لای پێغەمبەر( d )و داوایان لێکرد: ئێمە موسڵمان بووینەو بۆیە داوات لێ دەکەین چەند کەسێك بنێریە ناومان بۆ ئەوەی فێری ئیسلامەتیمان بکەن؟ پێغەمبەر( d )یش داواکەیانی جێبەجێ کردو (٦) شەش کەسی لە هاوەلان لەگەڵی ناردن.. کە ئەم شەش کەسەش بریتی بوون لە هەر یەکێك لە: (عاصمی کوڕی ثابت– مورثیدي کوڕی ئەبی مورثیدي غەنەوی– خوبەیبی کوڕی عەدی ئەوسی بەدری– زەیدی کوڕی دەثینە– عبداللهی کوڕی طارق– خالیدی کوڕی بەکیر) ئەمانەی لەگەڵ وەفدەکەی (هوذەیلیان) کە پێکهاتبوون لە (٧) حەوت نەفەر رۆیشتن تاوەکو گەیشتنە شوێنی (الرجیح)و ئەوان خیانەتێکی زۆر گەورەیان دەرحەق نێردراوەکانی نێردراوی خوادا ئەنجامداو بانگی هۆزو قەبیلەی خۆیان کرد (کە لەپێشدا پیلانیان بۆ ئەمە داڕشتبوو خۆیان ئامادەکردبوو بۆ ئەم کارەو لە ئامادەباشی دابوون)! غەدریان لە هاوەڵە بەڕێزەکان کردو هەر ئەوەندەیان زانی دەشتاییەکە پڕبوو لە سوار (کە هەمووشی لەهۆزی هوذەیلیان بوون‌و شمشێریشیان بەدەستەوەیان بوو) کاتێك کە ئەمەیان بینی زانیان کە ئەوە خیانەتەو هەربۆیە ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی کە شمشێریان پێ بوو بەدەستیانەوە گرتو (کە یەکیان لەوان عاصم بوو)، بەلام خیانەتکاران گوتیان: ئێمە نامانەوێت بتانکوژین بەڵێنیتان پێ دەدەین (بەلام لەپێشدا بۆ ئەم هاوەڵە بەڕێزانە بەدەرکەوت کە ئەوانە خاوەنی بەڵێنی خۆیان نینە.. وە ئەمەش مەبەستێکی شاراوەی خۆی هەبوو.. دەیانویست تەسلیمی قوڕەیشیانیان بکەن‌و لەبەرامبەری پارەیەکی باشیان لێ وەربگرن چونکە دەیانزانی کە بەلای بێ باوەڕانی مەککە هیچ شتێکیان ئەوەندەی تەعزیب دان‌و کوشتنی یارانی محمد( d ) لایان خۆشتر نییە)!

بەلام شەش هاوەڵە بەڕێزەکان بەمە رازی نەبوون‌و بەتایبەت مورثیدو خالیدو عاصم گوتیان: سوێند بەخوای گەورە هیچ پەیمانێك لە موشریکان وەرناگرین (چونکە خاوەنی بەڵێنی خۆیان نین‌و ئەوەتانێ بەڵێنیان لەگەڵ پێغەمبەر شکاندو خیانەتیان کرد ئینجا

دەبێ لەگەڵ ئێمەدا چۆن بێ؟) هەربۆیە بەرگریان کردو دەستیان نەدا تاوەکو شەهید کران، بەڵام عبداللهو زەیدو خوبەیب بوونە دیلو لەپاشان بردیانن بۆ مەککە بۆ ئەوەی بیانفرۆشنە ئەو بێ باوەڕانەی کە تێنووی خوێنی موسڵمانانن تاوەکو گەیشتنە (الظهران) کە شوێنێکە لە مەککە.. عبدالله خۆی پچڕیەوەو پەلاماری موشریکەکانی دا بەڵام ئەوان خۆیان لێی دوورخستەوەو بەردبارانیان کردو شەهیدیان کرد.. گۆڕەکەی (عبداللەی کوڕی طارق) ئێستا هەر لەوێ لە (الظهران)ە، بەڵام خوبەیبو زەیدیان بردن بۆ مەککەو فرۆشتنیان.. ئەوەی خوبەیبی کڕی ناوی حوجەیری کوڕی ئەبی ئیهابی تەمیمی بوو، کە ئەم حوجەیرە دەیکردە برای دایکی حاریث.. بۆ ئەوەی خوبەیب لە موقابیلی بابی بکوژتەوە.

بەڵام زەید سەفوانی کوڕی ئومەییە کڕیەوە بۆ ئەوەی لەجیاتی ئومەییەی کوڕی خەلەف باوکی بیکوژنەوە.. وە شایانی باسە کە کاتێك ئەمانەیان کڕین لەمانگی حەڕام دابوون کە مانگی (ذي القعدة) بوو هەر بۆیە وەکو دەست بەسەرێك بەندیان کردن تاوەکو مانگی حەڕام تێپەڕی پاشان زەیدیان شەهید کرد، بەڵام خوبەیب بە بەندکراوی لەلایان مایەوە تاوەکو مانگەکانی حەڕام تەواو بوون.. پاشان کۆك بوون لەسەر کوشتنی.. لەسەرەتادا زۆر بەخەراپی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد! بەڵام پێی گوتن: کە خەڵکی بەڕێزو خانەدان ئەوها مامەڵە لەگەڵ بەندکراودا ناکەن! دوای ئەمەو بەهۆی ئەم قسەیەوە: بەخۆیان داچوونەوەو مامەڵەی باشیان لەگەڵ کرد، لەژوورێك بەندیان کردو ئافرەتێکیان کردە چاودێر بەسەریەوە، ئەم ئافرەتە ناوی (ماویە) بوو کە کەنیزەکی حوجەیری بوو، ماویە دەگێڕێتەوە کە خوبەیب قورئانی دەخوێندەوە بەتایبەت لەدوای نوێژی بەیانیان ئەگەر ئافرەتان گوێیان لەدەنگی دەبوو دەگریانو دڵیشیان پێ دەسووتا، هەربۆیە جارێکیان من پێم گوت: هیچ پێویستیەکت نییە؟ گوتی: نەخێر تەنها ئاوی پاکم بدەرێو خواردنێکیشم بۆ نەهێنی کە لەسەر بت سەربڕدرابێت هەروەها ئەگەر

بڕیاری کاتی کوشتنمیان دانا ئەوا زوو هەواڵم پێ بدە.. ئەم ئافرەتە دەڵێ: کاتی کە کاتی کوشتنیان دیاری کرد هەواڵەکەم پێدا، هەر ئەم ئافرەتە دەڵێ: سوێند بەخوا بەلایەوەی زۆر ئاسایی بوو هیچ رەنگی پێ نەگۆڕا، ئینجا کاتێك کە ویستیان لە حەڕەمی مەککە بەمەبەستی کوشتنی بیبەنە دەرەوەی حەڕەم.. خوبەیب داوای لێ کردن کە لێی بگەڕێن تاوەکو ٢ دوو رکەعات نوێژ بکاتو رێزو نەوازوش لەبۆ خوای خۆی ببا؟ ئەمانیش رێگەیان پێدا.. خوبەیب ٢ دوو رکەعات نوێژی کرد کە بۆ یەکەمجار بوو وە بوو بە سوننەت بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لەوادەیەکی دیاریکراوو بەئارامی دەکوژرێ کە ٢ دوو رکەعات نوێژی سوننەت ئەنجام بدات.. پاشی نوێژەکە خوبەیب بەبێ باوەڕانی گوت: ئەگەر لەبەر ئەمە نەبی کە دوایێ بڵێن لە مردن ترسا رکەعاتی زیاترم ئەنجام دەدا هەروەها گوێ بەمەش نادەم کە چۆن دەمکوژن ماتو شەهید بوونم لەپێناو خوادایە.. پاشانیش ئەم دوعایە مەشهورو قەبوڵکراوەی کرد کە فەرمووی: (اللهم احصهم عددا وخذهم بددا) خوایە ژمارەی ئەوانەی کە بەشداریان کرد لەکوشتنمان بەناڕەوا هەموویان بە ئەزیەتەوە لەناوبە.. دوای ئەم ناحەقیە گەورەیەو دوعاکەی خوبەیب کەس لەوان بەمردنی خۆی نەمرد هەموویان بە خراپترین شێوە کوژران!.

عوروەی کوڕی زوبەیر خوا لێی رازی بێ دەگێڕێتەوە: کاتێك کە موشریکەکان خوبەیبیان لەدار بەستایەوە بەهەموو جۆرێك زامداریان دەکردو تەعزیبیان دەدا (بە شمشێرو سەرە ڕمو خەنجەر..) بۆ ئەوەی بە ئازارێکی زۆرەوە بمرێ! پێیان گوت: پێت خۆشە ئێستا محمد لەشوێنی تۆ با؟ لەوەلامیاندا دەیفەرموو: سوێند بەخوا حەز ناکەم من لەماڵی خۆم بمو پێغەمبەریش( d ) لەشوێنێك درکێکی لە پێی رابچێت.. جا دەگوترێ: کە زەیدی کوڕی دەثینەش لەپێشدا وای فەرموو بوو.. هەربۆیە ئەبوسوفیان لەوکاتانەدا گوتبوی: (ما رأيت من الناس أحدا يحب أحدا كحب أصحاب محمد محمدا) واتە: کەسم نەبینیوە لەخەڵکی کە کەسی وەها خۆش بوێ وەکو هاوەڵانی محمد کە

محمدیان خۆش دەویٚ.. لەپاشان ئەبوسەروعەی کوڕی حاریثی کوڕی عامری کوڕی نەوفەل لە خوبەیبی داو شەهیدی کرد، وە ئەوەیش کە لەپێشدا لە زەیدی داو شەهیدی کرد ناوی نەسطاس بوو.

●●●●●●●

## ( ٧٧ ) یەکەم شەریعەت کە ئارەقی پیٚ حەڕام کرابێت

ئەوە شەریعەتی ئایینی ئیسلامی پیرۆزە کە بەتەواوی ئارەقو هەموو جۆرە سەرخۆشکەرێکی قەدەغە کرد.. لەبەر زۆر هۆیان.. کە لەم هۆیانەش گوناهو تاوانی زۆری پیٚ ئەنجام دەدرێتو زەرەرو زیانی زۆری گیانو ماددیو ئەخلاقی هەیە!!! هەر لەبەر ئەمەش بوو پێغەمبەر( d ) حەددی تەمبێکاریشی بۆ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە دانا کە بریتی بوو لە ٤٠ چل شوارکە دار پاشان پێشەوا أبوبکریش خوا لێی رازی بیٚ ئەمەی جێبەجیٚ کردو پێشەوا عومەری کوڕی خەتتابیش خوای لێی رازی بیٚ لەبەر سەرهەڵدانی ئەم دیاردە قێزەوەنەو تەشەنە کردنی کردی بە ٨٠ هەشتا دار کە ئێستا ئەمە جێگیر بووە لەشەریعەتی ئیسلامی پیرۆز..

وەکاتیٚ کە بەتەواوەتی ئارەقو جۆرەکانی حەڕام کران لەساڵی چوارەمی کۆچ بوو لەکاتو ساتی غەزای (بنوالنضیر) بوو..

وە هەندێك لە خەڵکیش هەر لەسەردەمی جاهیلی دا ئارەقیان حەڕام کرد.. وەك دەگوترێت: کە یەکەم کەس ئارەقی حەڕام کرد ئەوە (وەلیدی کوڕی موغیرە) بوو.. دەشگوتریٚ: کە (قەیس ی کوڕی عاصم ی سەعدی) بوو، وە هەر لە زمنی ئەوانەش کە ئارەقیان حەڕام کرد (مەقیس ی کوڕی سەبابەی سەهمی)و (عبدالمطلب)و (أبوطالب)و لەپێشداش (قوصەیی کوڕی کیلاب)و (وەرەقەی کوڕی نەوفەل)و (شەیبەی کوڕی رەبیعە)و چەند کەسی ناوداری تریش..

کەچی بەداخەوە دەبینین مادده سەرخۆشکەرەکان لـەولاٌتی موسـڵمانان پـەرەی پـێ دراوەو بازرگـانی پێـی گـەرم کـراوە تـاوەکو گەیـشتۆتە نـاو شـارو دێهاتـەکانو پیـاوانی ئـاینیش بـێ هێزبـوونی خۆیـان نوانـدوە لـە هەروەشـاندنەوەو قەدەغـەکردنی ئـەم حەڕامکراوەو ئەرکی سپاردەی سەرشـانیان کـورت کردۆتـەوە تـەنهاو تـەنها لەوتـەی بـێ رەفتارو وەعزو رێنومایی.. نەمانبینی جووڵەیەکی بەهێزی کۆمەلاٌیەتی ئـەنجام بـدەن بـۆ ناچـارکردنی حکومەتـەکان بەجێبـەجێ کردنـی (قـانونی تحـریم) کـە بـەهۆی ئـەم بـەناو ئازادییە رەهایە منداڵانو ئافرەتـانیش کەوتونەتـە ئـەم داوە پیـسەوە.. هـەروەك سـەری هەڵکێشاوە بەرەو کاری موخەددەراتو پیسترو خەراپتر!

تـاوەکو وای لێهـاتووە غـەربو بـێ بـاوەڕانی ئـەم سـەردەمە سەرسـوڕمانی خۆیـان دەرەبڕن لەرێگە پێدرانی مـادده سەرخۆشـکەرەکان لـەو مەملەکەتانـەی کـە خەڵکەکـەی پابەندن بە ئیسلام کە لەو ئایینە ئارەق بە پیسیو تاوانی گەورەو کاری شـەیتان نـاوزەد دەکرێت هەروەك لەقورئانەکەیاندا هاتووە..

بەڕاستی پێویستە دوعا بکـەینو بڵێین: خودایـە غـیرەتو هێزمـان پـێ ببەخـشی بـۆ دەستپێشخەری بنبڕکردنی ئەوکارە قێزەوەنەو هەرچی حکوماتی بەناو ئیـسلامیش هەیـە مۆفەقیان بکەی بۆ کار پێ کردن بەرێنومایيەکانی ئایینی راستەقینە.

●●●●●●●

# لا إله إلا الله... الملك الحق المبين
# محمد رسول الله... الصادق الوعد الأمين

ئومێدەوارو داواکارین لە ﴿خوا﴾ جل جلالە کە لەسەر ئەمە بمانژییێنێتو بمانمرێنێتو زیندومان بکاتەوە

(أللهم آمين)

"وصلي اللهم وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين"

(وآخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين)

***

## ناوەڕۆك


| ژ | سەرەبابەت | ل |
|---|---|---|
| | پێشەكی ئامادەكار | ٣ |
| ١ | حضرموت | ٥ |
| ٢ | مضر | ٥ |
| ٣ | فهر | ٥ |
| ٤ | كلاب | ٦ |
| ٥ | قصي | ٦ |
| ٦ | هاشم | ٧ |
| ٧ | عبدالمطلب | ٧ |
| ٨ | ألنسيء | ٧ |
| ٩ | یەكەم محمد | ٨ |
| ١٠ | مەولودی پێغەمبەر( d ) | ٨ |
| ١١ | شەق كردنی سینگی شەریفی پێغەمبەر( d ) | ٩ |
| ١٢ | حلف الفضول | ٩ |
| ١٣ | یەكەمین دەعوەت | ٩ |
| ١٤ | پەردەپۆشی كەعبە بەحەریر | ١٠ |
| ١٥ | یەكەمین شێوازی بت پەرستی | ١٠ |
| ١٦ | یەكەمین كەس كە دینی پێغەمبەر إبراهیم ( علیه السلام )ی گۆڕی | ١١ |
| ١٧ | یەكەمین دەست پێشخەری وەحی بۆ سەرپێغەمبەر( d ) | ١٢ |
| ١٨ | یەكەم دابەزینی قورئان | ١٢ |
| ١٩ | یەكەم مرۆڤ كە باوەڕی پێی هێنا | ١٣ |
| ٢٠ | یەكەم ئافرەت لەدوای خاتوو خدیجة كە باوەڕی هێنابێت | ١٣ |
| ٢١ | یەكەمین مناڵێك لە هاشمیان | ١٤ |

| ژ | سەرەبابەت | ل |
|---|---|---|
| ٢٢ | یەکەمین خەلیفە لە هاشمیان | ١٤ |
| ٢٣ | یەکەم شمشێر هەڵکێشان لە پێناو خوا | ١٤ |
| ٢٤ | یەکەم کەس کە تیری گرتە دووشمن لە پێناو خوادا | ١٤ |
| ٢٥ | یەکەمین خطیب | ١٥ |
| ٢٦ | یەکەمین کەس کە فەرموودەی تەدوین کردبێت و ڕێکی خستبێ | ١٥ |
| ٢٧ | یەکەم ئایەت بۆ بانگەوازی بە ئاشکرا | ١٦ |
| ٢٨ | یەکەم کەس کە بە ئاشکرا لەدوای پێغەمبەر( d ) قورئانی بەدەنگی بەرزو بە ئاشکرا لەناو بێ باوەڕەکاندا خوێندیەوە | ١٦ |
| ٢٩ | یەکەمین ئافرەت شەهید بوو لە ئیسلام | ١٧ |
| ٣٠ | هیجرەت و کۆچی یەکەمی موسڵمانان | ١٨ |
| ٣١ | یەکەم نوێژکردن لەسەر شەهید | ١٩ |
| ٣٢ | وتم بۆ یەکە مجار موسڵمان بوونی خۆم بە کێ بڵێم؟ | ١٩ |
| ٣٣ | تەراویحی شەوانی رەمەزان بەکۆمەڵ لە مزگەوت | ٢٠ |
| ٣٤ | یەکەم کەسی عەشیرەتی ( دەوس )ی کەموسوڵمان بوو | ٢١ |
| ٣٥ | قەبرستانی بەقیع | ٢٢ |
| ٣٦ | یەکەمین کەس نەفسی خۆی فرۆشتە پەروەردگاری | ٢٢ |
| ٣٧ | یەکەم مزگەوت لە ئیسلام دا | ٢٣ |
| ٣٨ | یەکەم جومعە | ٢٣ |
| ٣٩ | ساڵی کۆچی | ٢٣ |
| ٤٠ | یەکەم پشت و هێزی پێغەمبەر( d ) | ٢٤ |
| ٤١ | یەکەم جار ئەوس و خەزرەجی چۆن جێنشین بوون لە مەدینە | ٢٤ |
| ٤٢ | یەکەمین ناکۆکی لەنێوان ئەوس و خەزرەج | ٢٥ |
| ٤٣ | یەکەم شارێك کە هاوەڵانی پێغەمبەر( d ) کە تیایدا تووشی نەخۆشی و تاو | ٢٦ |

| ژ | سەرەبابەت | ل |
|---|---|---|
| | لەرزی بوون | |
| ٤٤ | یەكەم كەس دەستكاری مزگەوتی كرد لە دوای خۆشەویست( d ) | ٢٧ |
| ٤٥ | یەكەم كەس مزگەوتی جوانكاری كرد | ٢٧ |
| ٤٦ | یەكەم مینبەر ( دوانگە ) | ٢٧ |
| ٤٧ | یەكەم كەس كە نوێژی جەنازەی لەسەر جەنازەی عائیشەی دایكی بڕواداران كرد | ٢٨ |
| ٤٨ | یەكەم شتێك كە لە قورئانی پیرۆز نەسخ كرابێتن | ٢٩ |
| ٤٩ | بانگی نوێژە فەرزەكان | ٢٩ |
| ٥٠ | یەكەم بانگبێژ لەئیسلامدا | ٣٠ |
| ٥١ | یەكەم جار كە زەكات واجب بوو | ٣٠ |
| ٥٢ | یەكەم فەرمان بە جەنگ | ٣١ |
| ٥٣ | یەكەم فەرمانی خوا ( سەبارەت بە جەنگ ) كە لە ( قورئان )ی پیرۆز دابەزی | ٣١ |
| ٥٤ | یەكەم رەوانكراو بۆ جەنگ لەگەڵ بێ باوەڕاندا | ٣١ |
| ٥٥ | یەكەم ئالآ كە لەئیسلامدا هەڵكرا | ٣٢ |
| ٥٦ | یەكەم تیرێك كە لەئیسلامەتی هاویشترابێت | ٣٢ |
| ٥٧ | یەكەم غەزای پێغەمبەر( d ) | ٣٢ |
| ٥٨ | یەكەم كەس لە كافران كە بە دەستی موسڵمانان كوژرابێ | ٣٣ |
| ٥٩ | یەكەم ( الخمس ) پێنج یەك لە ئیسلامەتی دا | ٣٣ |
| ٦٠ | یەكەم دەسكەوتی موسڵمانان | ٣٤ |
| ٦١ | یەكەم كەس كە وشەو لەقەبی ( أمیر المؤمنین ) پێشەوای بڕوادارانی پێ گوترا | ٣٤ |
| ٦٢ | یەكەم رەئی لە دوای رەئی پێغەمبەر( d ) | ٣٥ |
| ٦٣ | یەكەم بیرۆكە ( ألعریش ) | ٣٦ |
| ٦٤ | یەكەمین كوژراو لە غەزای بەدر | ٣٧ |

| ژ | سەرەبابەت | ل |
|---|---|---|
| ٦٥ | یەکەمین کەس کە لە دوارۆژ دەفتەری کردەوەکانی بەلای چەپی پێ دەدرێـت و یەکەمین کەسیش کە بەلای راست وەری دەگرێ | ٣٧ |
| ٦٦ | یەکەمین موبارەزە لە ئیسلامەتی دا | ٣٨ |
| ٦٧ | یەکەم شەهیدی موسڵمانان لە غەزای بەدر | ٣٩ |
| ٦٨ | یەکەم دیل لە دیلەکانی بەدر کە ئازاد کرابێ | ٤٠ |
| ٦٩ | یەکەم سەرکەوتنی موسڵمانان لە جەنگەکانیان | ٤٠ |
| ٧٠ | یەکەم کەس لە أهل و بەیت دوای وەفاتی پێغەمبەر( d ) وەفاتی کردبێت | ٤١ |
| ٧١ | یەکەمین جەنازە لە ئیسلامەتی کە دارەبازەکەی دا پۆشرابێت | ٤١ |
| ٧٢ | یەکەمین هۆزی جولەکە کە لە مەدینە بەدەرنران | ٤٢ |
| ٧٣ | یەکەم ( خُمُس ) پێنج یەك کە پێغەمبەر( d ) بۆی دیاری کرابێت | ٤٣ |
| ٧٤ | یەکەمین بیرۆکەی موشریکانی مەککە لە خۆ ئامادەکردنیان بۆ جەنگی ئوحود | ٤٤ |
| ٧٥ | یەکەم کەس لە جولەکە کە لە جەنگی ئوحود شان بەشانی پێغەمبەرو یارانی لە پێناو خوادا جەنگا | ٤٥ |
| ٧٦ | یەکەم کەس کە پێش کوشتنی ( ٢ ) دوو رکەعات نوێژی سوننەتی ئەنجام دابێت | ٤٥ |
| ٧٧ | یەکەم شەریعەت کە ئارەقی پێ حەرام کرابێت | ٤٩ |
| | ناوەڕۆك | ٥٢ |

إن شاءاللهُ تعالى

چاوەڕوانی بەشی دووەم بن لە:

## ( یەکەمەکان لە ژیاننامەی پێغەمبەر( d )و هاوەڵە بەڕێزەکان )

وە لـەژمارە (٧٨)یـەوە دەسـتپێدەکاتەوە لـەژێر ناونیـشانی (یەکەم فەرزبوونی حیجاب)..

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسَلَمَ

و آخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين

